# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـاره (٦٠) ٢٧٢٤ی کـوردی ٢٠٢٤ی زایینـی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـاره (٦٠) ٢٧٢٤ی کــوردی ٢٠٢٤ی زاییــنــی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

**حەمەسەعید حەسەن کەریم**

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



http;//gov.krd/ka ISSN: 2520-4106 **هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# غەزەل، چەمک و پێناسە و بونیادی هونەری


طالب ابوبکر طاهر

کۆلێژی پەروەردە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی

پەروەردەی سلێمانی/ خوێندکار لەزانکۆی کۆیە

talibtaher@gmail.com

د. پ. عوسمان دەشتی

وەزارەتی خوێندنی باڵا

زانکۆی کۆیە

Osman.hamad@koyauniversity.org



## پوختە:

بابەتــی غــەزەل بابەتێکــی گرنگــی شــیعر بەگشــتی و شــیعری ڕۆژهەڵاتــی بەتایبەتــی و شــیعری کــوردی بەتایبەتــتر، و بووەتــە دیارتریــن جــۆری شــیعر لــە ڕۆژهەڵاتــدا و بەتایبــەت لــە ئەدەبیاتــی کلاســیکی کوردیــدا زۆرتریــن مەیدانــی شــیعری داگیــر کــردووە، باسوخواســی لیریــک و شــیعری گۆرانــی و پەیوەندیــی غــەزەل بــەو دوو بابەتــەوە جێــی بایەخــی ڕەخنەگــران و لێکۆڵەرانــی ئەدەبــە، کــە ئاخــۆ غــەزەل هــەر هەمــان لیریکــی ئەوروپییــە یــا نــا، هەروەهــا غــەزەل و شــیعری گۆرانــی (الغنائــی ) یــش بــە هەمــان شــێوە بەشــێکی ئــەو مشــتومڕەیە.

لــەم توێژینەوەیــەدا لــە چەنــد تەوەرێــک ئــەم بابەتانــە خراونەتــە ڕوو، کــە بــەم شــێوەیە دابــەش کــراون : تــەوەری یەکــەم تەرخــان کــراوە بــۆ ناســاندنی چەمکەکانــی غــەزەل و لیریــک و شــیعری گۆرانــی، تــەوەری دووەم، تایبــەت کــراوە بــە ســەربردەی غــەزەل لای گەلانــی جیهــان و گەلانــی دراوســێ، تــەوەری ســێیەم، تایبەتــە بــە غــەزەل لــە ئەدەبیاتــی کوردیــدا و و تــەوەری چــوارەم و کۆتایــی تایبــەت کــراوە بــە بونیــادە هونەرییەکانــی غــەزەل، لــە کۆتاییشــدا ئەنجامــی توێژینەوەکــە خراوەتــە ڕوو. ئــەوەی جێــگای بایــەخ و ئاماژەپێکردنــە، ئەوەیــە کــە توێژینەوەکەمــان بابەتــی تیۆرییــە و بابەتــی پراکتیکــی لەخــۆ نەگرتــووە.


کلیلەوشە: غەزەل، شیعری لیریك، شیعری گۆرانی، بنەمای هونەری.

**پێشەکی**

بابەتی غەزەل بابەتێکی گرنگی شیعر بەگشتی و شیعری ڕۆژهەڵاتی بەتایبەتی و شیعری کوردی بەتایبەتتر، و بووەتە دیارترین جۆری شیعر لە ڕۆژهەڵاتدا و بەتایبەت لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا زۆرترین مەیدانی شیعری داگیر کردووە، باسوخواسی لیریک و شیعری گۆرانی و پەیوەندیی غەزەل بەو دوو بابەتەوە جێی بایەخی ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی ئەدەبە، کە ئاخۆ غەزەل هەر هەمان لیریکی ئەوروپییە یا نا، هەروەها غەزەل و شیعری گۆرانی (الغنائی ) یش بە هەمان شێوە بەشێکی ئەو مشتومڕەیە.

لەم توێژینەوەیەدا لە چەند تەوەرێک ئەم بابەتانە خراونەتە ڕوو، کە بەم شێوەیە دابەش کراون : تەوەری یەکەم تەرخان کراوە بۆ ناساندنی چەمکەکانی غەزەل و لیریک و شیعری گۆرانی، تەوەری دووەم، تایبەت کراوە بە سەربردەی غەزەل لای گەلانی جیهان و گەلانی دراوسێ، تەوەری سێیەم، تایبەتە بە غەزەل لە ئەدەبیاتی کوردیدا و و تەوەری چوارەم و کۆتایی تایبەت کراوە بە بونیادە هونەرییەکانی غەزەل، لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو. ئەوەی جێگای بایەخ و ئاماژەپێکردنە، ئەوەیە کە توێژینەوەکەمان بابەتی تیۆرییە و بابەتی پراکتیکی لەخۆ نەگرتووە.

**١. غەزەل چەمك و پێناسە و كورتەیەكی مێژوویی**

لەناو ئەدەبدا شیعر باوترین قاڵب و چەشنی ئەدەبی بووە، لە ڕۆژهەڵات و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتر لای گەلانی موسڵمانی وەك (عەرەب، فارس، تورك، كورد..). لە شیعریشدا غەزەل باوترین قاڵبی شیعری بووە و فراوانترین مەیدانی تاودانی خەیاڵی شاعیران بووە. بێگومان قاڵبی تری شیعری هەبوون وەکو (قەسیدە« چوارین، پێنج خشتەکی تەرکیب بەند، تەرجیح بەند، بەیت... هتد) بەڵام غەزەل باوترینیان و دیارترینیان بووە. دیارە ئەوەش لەوانەیە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە غەزەل زیاتر تەبابووە لەگەڵ هەستونەست و خەیاڵی شاعیران و بەتایبەت لایەنی سۆز و دڵ و دەروون و پەیوەندیی بە ڕەگەزی بەرامبەرەوە.

لەم باسەدا بۆ ناساندنی چەمکی غەزەل و مێژووی سەرهەڵدانی و دەرکەوتنی لای گەلان و گەلانی دراوسێ بە تایبەت بابەتەکەمان دابەش کردووەتە چەند تەوەرێك و بەوردی لەبارەیەوە دەدوێین:

تەوەرەی یەکەم: شیعری گۆرانی چەمك و پێناسەی غەزەل، شیعری لیریك

١- پێناسەی غەزەل: دیارە غەزەل لەڕووی وشەی زمانییەوە بە واتای جۆراوجۆر هاتووە، وەکو (سوف، لۆکە، کیژی گەنج، یان ئافرەت، بەچکەی ئاسك) (غەزەل بە سوف یان لۆکە دەگوترێ) (أنس، ٢٠٠٤، ل٦٥٢)

یاخود وشەی غەزەل بۆ ئافرەت بەکار دێ( غەزەل ئافرەتە) (مجدالدین، ٢٠١٣، ل١٨٦).

غەزەل بە واتای شیعری عاشقانەش هاتووە (غەزەل، بە واتای شیعری عاشقانە) (سیماداد، ١٣٨٥، ل٣٥١).

دیارە غەزەل وەك وشەیەك بە زۆر مانا بەکار دێت (غەزەل لە عەرەبیدا، چاوگی سێی ڕووتە، (ناو)ە، بە واتای جیاواز و واتای هاوشێوەی قسەکردن و پێداگوتن بە ژنان و عشقبازی و چیرۆکی خۆشەویستی و جوانی و بێتاقەتی و وەسفی ژنان و کەسانی نامۆ بەکار دێ) (شمیسا، ١٣٨٠، ل١١). هەر لەم بارەیەوە گوتراوە (غەزەل خۆشەویستی ئافرەت و قسە لەگەڵ کردن و دەورەدانیەتی.. ) (العسکر، ب.م، ل١٧).

کەواتە زاراوەی غەزەل لە ڕووی وشەوە، زیاتر بە واتای قسەکردن لەگەڵ ئافرەت و پێهەڵگوتنی و خۆشەویستی و دەربڕینی هەست و سۆز بۆی، واتای غەزەل و وشە هاوواتاکانی خۆی لەچەند واتایەکدا دەبینێتەوە (واتای غەزەل و وشە هاو واتاکانی خۆی لەسێ واتادا دەبینێتەوە:

١- قسەکردن بۆ ئافرەت و مەیلکردن بۆی.

٢- ئەو پەیوەندییەی دروستی دەکات و بەهێزی و بێهێزی ئەو پەیوەندییە.

٣- شوێنەواری پەیوەندی و لایەنەکانی ئەو کاریگەرییە. (ابورحاب، ١٩٤٧، ل١٣).

کەواتە وشەی غەزەل ئەو واتایانە لەخۆ دەگرێ، هەر هەمان نووسەر پێی وایە کە غەزەل بنەمای تایبەتی

هەن وەك دەڵێ غەزەل سێ بنەمای هەیە ١- ئەو پیاوەی قسە دەکات و سۆز دەردەبڕێ. ٢- ئەو ئافرەتەی قسەی بۆ دەکرێ. ٣- ئەو قسانەی کە دەکرێن و ئەو شوێنەوارەی کە جێی دێڵێ لە خۆشەویستی و مەیل.. (ابو رحاب، ١٩٤٧، ل١٦).

هەر لەو بارەیەوە (ابن منظور) دەڵێ: «غەزەل قسەکردنە لە نێوان کچان و کوڕانی گەنجدا، یا قسەکردنە لەگەڵ ئافرەت و هاتن و چوونە بە دەوریاندا» (ابن منظور، ب.م، ل٣٢٥٢).

کەواتە بە گشتی ئەوە ڕوونە، کە غەزەل قسەکردن و دوانە لەگەڵ ئافرەت و هەست و سۆز بۆ دەربڕینیەتی.

- غەزەل وەك زاراوەیەکی ئەدەبی:

لەم ڕووەوە ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی ئەدەب پێناسەی جۆربەجۆریان بۆ شیعری غەزەل کردووە «غەزەل مەبەستێکە لە مەبەستەکانی شیعر، بابەتەکەی خۆشەویستی و هۆگربوونە، مەبەستەکەی یاد و بیرکردنی ئافرەتە، لە ڕوانگەی جوانیی ڕەوشت و جوانییە دڵڕفێنەکەی.. » (العسکر، ب.م، ل١٧). یاخود گوتراوە «غەزەل قاڵبێکی هونەرییە لە فۆرمی شیعر کلاسیکیدا» (احمد، ب.م، ل١٣)، بەڵام پێناسەی غەزەل هەر بەوەندە ناوەستێ و بەڵکو سنووری بۆ دیاری دەکرێ و لای هەندێ لە ڕەخنەگرانی ئەدەب بە ژمارەی بەیت دیاری دەکرێ «غەزەل لە ڕووی زاراوەی ئەدەبییەوە ناوی جۆرێکی تایبەتی شیعرە، کە خۆشی لە چەند بەیتێکدا دەبینێتەوە« بەزۆری لە سنوری (٧)حەوت بەیتدا دەبێ، کە یەك وەزنن و کە میسرەعی دووەم لە هەموو بەیتەکاندا یەك قافیەیان هەیە..» (شمیسا، ١٣٨٠، ل١٢).

وەکو گوتمان زۆرێك لە ڕەخنەگرانی ئەدەب و لێکۆڵەرانی ئەدەب لەسەر بنەمای دێرە شیعر پێناسەی غەزەلیان کردووە «لە هەڵبەستی کۆنا شەقڵی لاسایی بە ئوسلوبەوە ئاشکرایە لە قاڵبا کەس نەیویستووە لە نەریتی پێشینەکان لابدات. غەزەل هەر ئەبێ ژمارەی بەیتەکانی تاك بێ و لە ١٥ بەیت تێنەپەڕێت» (ڕەسوڵ، ١٩٩٠، ل٣٧).

(شعری لیریك دەکرێ شعری عاشقانە بێ، لەبەر ئەوەشە بە (love lyric) دەڵێن شیعری عاشقانە، یان غەزەلی) (شمسیا، ١٣٨٦، ل١٢٨).

ئەم تێڕوانینەش ئەوەمان پێ دەڵێ، کە غەزەل بەوە دەناسرێتەوە، کە شیعری عاشقانەیە، هەر چەمکی غەزەل کە پێشتر باسمان کرد، ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە دەڵێ غەزەل وا بناسین شیعری عاشقانە و خۆشەویستییە" چونکە ئەو بابەتە پەیوەستە بە ناخ و دڵی مرۆڤ و خواستی ژیان.

"گرنگترین هونەر و دیارترین بابەتی پەیوەست بە دڵ و نزیکترین لە سروشتی مرۆڤ هونەری شعری غەزەلە، غەزەل جێی سەرنجی هەموو شاعیرانی بووە و بەشی زۆری شیعرەکانیانی داگیر کردووە، چونکە هەست و سۆزەکانیان و خەیاڵیان تیایدا تۆمار کردووە، شیعرەکانیان بە دەوری ئافرەتدا بووە و چاکەکانیان باس کردووە و ڕەوشتیان وەسف کردووە و باسی شێوەی سەرنج ڕاکێشی ئافرەتیان کردووە، باسی خەون و خوولیای خۆیانیان بەرامبەر ئافرەت کردووە" ( الجبوری، ٢٠١٣، ل٢٣٥).

وەکو ئاماژەی پێ درا، بەشێکیان پێیان وایە غەزەل شیعری خۆشەویستی و عاشقانەیە و شیعرگوتنە بۆ ئافرەت و جوانی و نازداری ئافرەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە ڕەخنەگران و پێیان وایە غەزەل تەنیا هەست و سۆز دەربڕین نییە، سۆزی سەرچاوەگرتوو لە هەستەکانەوە نییە، تەنیا خۆ خاڵیکردنەوەیەك نییە لە هەستەکانی بەڵکو لە خودی خۆیدا بابەتێکی ئامانجدارە. غەزەل لای (ابن قطیبة) تەنیا هەستێکی سۆزداری نییە، کە لە ویژدانی شاعیرەوە دەرچووبێ، سۆزێك نییە لە هەستەکانیەوە سەرچاوەی گرتبێ، دەرچەیەك نییە بۆ خۆ خاڵیکردنەوە و گوزارشت لە خۆکردن، بەڵکو غەزەل شیعرێکی چڕاوی ئامانجدارە" کە شاعیر بە ئەنقەست پەنای بۆ دەبات، کە هەستی گوێگران بجووڵێنێ، گوێچکەیان پێ هەڵخا، دڵیان بۆی ئامەزرۆبێ، بەڵکو ئامادەکردنیانە بۆ بیستنی مەبەستی تر، لەم تێڕوانینەدا غەزەل خۆی مەبەست نییە بەڵکو مەبەست لە غەزەل دەربڕینی شتی ترە.. (فیصل، ١٩٥٩، ص٩).

هەر لەو بارەیەوە نووسەر ڕای شارەزایانی تریش دێنێ (ابن رشیق) پێی وایە غەزەل ناخی نووسەرە، لە پێناو

جووڵاندنــی هەســتی گوێگــر و خوێنــەر، بەمــەش نرخێکــی زیاتــر دەداتــە غــەزەل، بــەڵام دیســان هــەروەك هــۆکار بــەکاری دێنــێ (فیصــل، ١٩٥٩، ل١٠).

هــەر لــە بــارەی غەزەلــەوە گوتــراوە "غــەزەل پارچــە شــیعرێکی ئەویندارانەیــە، کــە بــە بەیتــی یەکەمــی دەڵێــن مەتڵــەع و بــە بەیتــی ئاخیــری دەڵێــن مەقتــەع، بــە چــاك و جــوان تەواوکردنــی شــیعرەکە (حوســنی مەقتــەع) دەڵێــن" (حیجــازی، ٢٠١٢، ل١٣٧).

دیــارە وەکــو گوتمــان بەشــێکی ڕەخنەگــران و لێکۆڵەرانــی ئــەدەب، کــە لــە ڕووی ڕووخســارەوە پێناســەی غــەزەل دەکــەن و بــە ژمــارەی بەیتەکانــی غــەزەل دیــاری دەکــەن "غــەزەل بریتــی یــە لــە پارچــە شــیعرێکی کــورت لەســەر یــەك کێشــی عــەروزی و یــەك قافیــە دەبــێ. هەنــدێ لەســەر ئــەو بــاوەڕەن، کــە لــە ســێ دێــڕەوە دەســت پــێ دەکات. هەروەهــا لــە بابــەت ژمــارەی گشــتی دێرەکانیــەوە دیســانەوە بیــروڕای جیــاواز هەیــە، هەنــدێ دەڵێــن تــا دەگاتــە دوازە دێریــش هــەر غەزەلــە، هــی تریــش دەیگەیێننــە پــازدە دێــری هــی واش هەیــە دەڵێــن تــا هــەژدە دێریــش هــەر غەزەلــە و لەپاشــان دەبــێ بــە قەســیدە.. " (خەزنــەدار، ٢٠٠١، ل١٦٥).

کەچــی هەندێــك لــە لێکۆڵــەران ڕووخســار و نــاوەڕۆك پێکــەوە دەکەنــە بنەمــای ناســاندنی غــەزەل و جیاکردنــەوەی لــە جۆرەکانــی تــری شــیعر "غــەزەل پەیکــەری شــیعرێکی ناســك و پــاراوە پڕیەتــی لــە وشــە و مانــای ڕازاوە و بریقــەدار، ناوەڕۆکیــش بریتییــە لــە ئەڤیــن و بەرامبــەر بــە کــچ، جــا خەیاڵــی بێــت یــا ڕاســتی" (أحمــد، ب.م، ل٣٢)، کەواتــە بەپێــی ڕوانگــە و بۆوونــی بیــروڕای ڕەخنەگــران و لێکۆڵەرانــی ئــەدەب لەبــارەی پێناســەی غــەزەل خرایــە ڕوو دەکــرێ بڵێیــن غــەزەل لــەڕووی ڕووخســارەوە قاڵبێکــە لــە قاڵبــە شــیعرییەکانی ئەدەبــی کلاســیك کــە لــە نێــوان (٣٩ ســێ تــا (١٥)پــازدە بەیتدایــە و زمانەکەیشــی ناســك و هەســت بزوێــن و ســۆزدارانەیە و لــە ڕووی ناوەڕۆکیشــەوە، ناوەڕۆکەکــەی بابەتــی عیشــق و خۆشەویســتییە، جــا ئــەو عیشــق و خۆشەویســتییە ئاســمانی بــێ، یــان زەمینــی بــە واتایەکــی تــر حەقیقــی بــێ یــا مەجــازی. بێگومــان کــە بــاس هاتــە ســەر مەســەلەی عیشــق و خۆشەویســتی لــەو چوارچێوەیــەدا کۆمەڵێــك بابــەت وەکــو (دووری، دابــڕان، بــێ وەفایــی، ... هتــد) دێنــە نــاوەوە و دەبــن بــە بابەتــی ئــەم جــۆرە شــیعرە، کــە ئەمــەش بــە ڕوونــی لــە ئەدەبیاتــی گەلانــی ڕۆژهــەڵات بەگشــتی و گەلــی کــورد بەتایبەتــی ڕوون و ئاشــکرایە. ئەدەبیاتــی کلاســیکی کــوردی و گەلانــی تــری دراوســێ (عــەرەب، فــارس، تــورك، ...) پــڕن لــەم جــۆرە بابەتانــە.

بــۆ زیاتــر ئاشــنابوونمان بــە بابەتــی غــەزەل دەکــرێ لــە چەنــد خاڵێکــدا خەســڵەتە بنەڕەتییەکانی غــەزەل بخەینــە ڕوو، لــەم ڕێیــەوە غــەزەل ڕوونــتر بناســێنین.

**٢- لیریك و غەزەل**

ســەبارەت بــە شــیعری لیریــك مێژوویەکــی کۆنــی هەیــە و دەتوانیــن بڵێیــن ڕەگــی ئــەو جــۆرە لــە شــیعر بــە قووڵایــی شارســتانیەتەکانی مێــژوودا ڕۆ چــووە و هــەر لــە (میسرییــە کۆنــەکان، هیندییــەکان، شارستانیەتی یۆنانــی و ڕۆمانــی، بابلــی و میزۆپۆتامیــا... هتــد) ئــەم جــۆرە شــیعرە بــەدی دەکــرێ.

"شــیعری ئاشــقانە (غەزەلیــات): میریانــی کــۆن ژمارەیەکــی زۆری شــیعری ئاشــقانەیان لــە ســەردەمی جیــاوازدا گوتــووە، ناوەڕۆکــی زۆربەیــان باســی ســەربردەی ئاشــقێنی خوشــکان و برایانــە (کــە لــەو ڕۆژگارەدا زەجەینــی خوشــك و بــرا بــاو بــووە) ناســکی و زەریفــی و جــۆش و خــرۆش خەســڵەتی هەرەبــاوی ئــەو شــیعرانەیە" (تراویــك، ٢٠٠٨، ل٧)

بێگومــان مێــژووی شــیعری لیریــك زۆر کۆنــە و لای چینیەکانیــش مێژوویەکــی دێرینــی هەیــە "مــی شــینگ کــە ١٤٠٠پ.ز مــردووە، کــە لەبــەر شــیعرە پێنــج هیجاییەکانــی ئــەو غەزەلــە ئاشــقانەکانی بەناوبانگــە" (تراویــك، ٢٠٠٨، ل٢٢).

هەروەهــا یۆنانیــش بــە هەمــان شــێوەیە مێژوویەکــی کۆنــی هەیــە لەگــەڵ شــیعری لیریــك "ئەدەبــی گۆرانــی ئــەو ئەدەبەیــە کــە هەســت و ســۆزی کەســی دەخاتــە ڕوو، ئــەم جــۆرە شــیعرە لــە یۆنانــی کۆنــدا باوبــوو لــە یۆنانیــدا (Lura) و لــە ئینگلیــزی و فەڕەنســیدا (Lyre) دەخوێندرایــەوە، لــەم ڕووەوە لــە زمانــی ئەوروپیــان بــە شــیعر و گۆرانــی دەڵێــن لیریــك (Lyric) (شمیســا، ١٣٨٦، ل١٢٧).

هــەر ســەبارەت بــە مێــژووی جۆرەکانــی ئــەدەب و بەتایبــەت شــیعری گۆرانــی ئــەوا ئەدەبیاتــی یۆنــان مێژوویەکــی کۆنــی هەیــە "ئــەوەی مێــژووی ئەدەبــی یۆنانــی بــۆی تۆمــار کردوویــن

کە بەردەوام خاوەنی ئەدەبیاتی تایبەت بووە بەتایبەت لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە هەتاکو ئێستا، تیایدا هەموو جۆرە ئەدەبیە ناسراوەکانمان بەرچاو دەکەون لە شیعری داستانی و درامی و گۆرانی و جۆرەکانی تری ئەدەب بە شێوەی پەخشان..“ (مولاو لخضیە من الاستاذە المختصین، ١٩٨٤، ص٢٩) و یەکەم شاعیری یۆنانی کە شیعری خۆشەویستی نووسیبێ (وا هەژمار دەکرێت ممزموس دامەزرێنەری شیعری خۆشەویستی بێ ) (باورا، ب.م، ل٣٠)

کەواتە بەگشتی یۆنانیش مێژوویەکی دێرینی لەگەڵ شیعری لیریك هەیە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین.

ئەوەی کە جێی سەرنجە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیعری لیریك و غەزەل یەك شتن و هەردووکیان بابەتی خۆشەویستین، مێژووشیان زۆر دێرینە و دەکرێ بڵێین بەستراوەتەوە بە مێژووی شارستانیەتەکانەوە تەنانەت مێژووی مرۆڤایەتی لە (٥٧٠٠)کانی پێش زایینیدا هۆزانی لیریکی دەبێ بە تاقە فۆڕمی ئەدەبی باو لە یۆنان، چونکە لەبارترین قاڵبە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و بۆچوونی شاعیران (تراویك، ٢٠٠٨، ل٦٦).

”لیریك پارچە شیعرێکی کورتە لە مەبەستەکانی دڵداری و جوانی و سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتی- سیاسی و دانایی و ئایین و فەلسەفە و سۆفیزم و بزووتنەوەی دەروونی ئادەمیزاد و ناوەڕۆکی تر دەدوێ..“ (خەزنەدار، ٢٠٠١، ل١٧٣).

بەپێی ئەو قسەیەی دکتۆر مارف خەزنەدار بێ، مەودای لیریك فراوانترە لە غەزەل و دەکرێ غەزەل بەشێکی شیعری لیریك بێ، چونکە لەم ڕووەوە لە قاڵبەکانی لیریکیش دەدوێ دەڵێ : ”لیریك بە پارچە شیعرێکی کورت و قەوارە بچووك دەوترێ، ئەمە تاك (فەرد)، چوارین، دووبەیت، پارچە (قطعە)، غەزەل، قەسیدە و گەلێ تریش دەگرێتەوە” (خەزنەدار، ٢٠٠١، ل١٦١).

کەواتە غەزەل بەڕای خەزنەدار جۆرێکە لە شیعری لیریك و لیریك فراوانترە و زۆر جۆری شیعر لەخۆ دەگرێ. دیارە ئەم ڕایەش لەگەڵ ڕای ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی ئەدەبی جیهانی دێتەوە. ”هۆزانی لیریکی تەنیا ئەشق و ئەڤین نییە، بەڵکو سروشت، ئایین، نیشتمانپەروەری، مافناسی، زۆر بابەتی دیکەش دەگرێتەوە، هەڵبەتە باوترین مەیدان و بابەتی هۆزانی لیریکی ئەڤینی ڕۆمانتیکی یە..“ (تراویك، ٢٠٠٨، ل٢٢٨).

کەواتە غەزەل مێژوویەکی کۆنی هەیە و مێژووەکەی هاوشانە لەگەڵ مێژووی شیعری لیریکی وە دەتوانین بڵێین غەزەل بەشێکە لە شیعری لیریك و دەکرێ بڵێین بەربڵاوترین بابەتی شیعری لیریکە و بەڵام بەگشتی شیعری لیریك فراوانترە و جۆری زیاتر لەخۆ دەگرێ.

شیعری لیریك هەموو ئەو شعرانە یا ئەو جۆرە شیعرانە لەخۆ دەگرێ کە دەتوانرێن بە شێوەی گۆرانی و لەگەڵ ئامێرێکی مۆسیقیدا بگوترێن و ئاوازدار بن جا ئەو شعرە چ غەزەل (خۆشەویستی و ئەوینی) بێت، یان نیشتمانی و یان کۆمەڵایەتی و سیاسی و... هتد.

لیریك خۆی یەکێکە لە سێ جۆرە سەرەکییەکەی شیعر (داستانی شانۆیی (درامی)، گۆرانی (لیریك)... ) بەگشتی ئەوەی لە توێژینەوە ئەدەبییەکاندا بەرچاو دەکەوێ بەم شێوەیە لیریك وەك بەشێك لە سێ جۆرە سەرەکییەکەی شیعرە و غەزەلیش (شیعری ئەویندارانە)، جۆرێکە لە جۆرەکانی شیعری لیریك.

**٣- شیعری گۆرانی (الغنائی) و غەزەل**

لە ڕۆژهەڵاتدا لای زۆربەی گەلان لە کۆندا جۆرە شیعرێك هەبووە، کە بە شیعری گۆرانی (الغنائی)ناسراوە، ئەم جۆرە شیعرە بۆیە بە شیعری گۆرانی ناسراوە، چونکە لەگەڵ ئالەتێکی مۆسیقیدا گوتراوە، بە شێوازێك هۆنراوەتەوە کە لەگەڵ ئاوازی ئالەتە مۆسیقیەکاندا بگوترێ.

”شیعری گۆرانی، شیعرێکی خودییە، لە کۆنترین جۆری شیعر هەژمار دەکرێ، بە شیعری ویژدانی ناو دەبرێ، بۆیە بە شیعری گۆرانی ناو دەبرێ، چونکە پەیوەستە بە مۆسیقاوە و لەگەڵ ئالەتێك دەگوترێ، و گوزارشت لە سۆزە ڕوونەکانی وەك (خۆشەویستی، خەمناکی، خۆشحاڵی، رق.... دەکات)“ (عەبدواللە، ب.م، ل٢)

بێگومان ئەم ڕایە ڕوون و ئاشکرایە لای زۆربەی ڕەخنەگرانی ئەدەب، کە شیعری گۆرانی یەکێکە لە بابەتە

سـەرەکیەکانی شـیعر وەکـو (گۆرانـی، داسـتانی، شـانۆیی، ... هتـد).

شـیعری گۆرانـی هەسـتی کەسـی لەخـۆ دەگـرێ (ئەدەبـی گۆرانـی لـە بنەڕەتـدا ئـەو شـیعرانەن کـە دەربـڕی هەسـت و سـۆزی کەسـین.) (شمیسـا، ١٣٨٦، ل١٢٧).

کەواتـە شـیعری گۆرانـی دەربـڕی هەسـتی کەسـییە، کـە زیاتـر لـە بابەتـی خۆشەویسـتی و دابـڕان و خـەم و دووری... هتـد.

"بەگشـتی لـە زۆربـەی وڵاتانـی جیهـان شـیعری سـۆزدارانە و عاشـقانە و هەسـت بزوێـن لـە ڕێـی مۆسـیقاوە دەربـڕاوە، لـە ئەوروپـا (ترۆبـادۆر)و لـە ئێـران (عاشـقنامە و عاشـقانە) کـە عاشـقان گوتوویانـە و جوتیـاران و شـوانان پارێـزەری ئـەو جـۆرە شـیعرە بـوون، لیریـك لـە چاخـی ئێمـەدا هەمـان شیعری عاشـقانە و خۆشەویسـتییە، کـە بـە شـیعری گۆرانـی (غنائـی) نـاسراوە.. "(شمیسـا، ١٣٨٦، ل١٢٧).

بێگومـان کـە ڕەخنەگرانـی ئەدەبـی کـۆن لەسـەر ئـەوەی کـە شـیعری گۆرانـی (الغنائـی) شـیعرێکی ویژدانییـە و گوزارشـتە لـە ناخـی شـاعیر (بەدڵنیاییـەوە ڕۆمانسـییەکان فەلسـەفەی شـیعری گۆرانیـان دانـا و کۆتاییـان پـێ هێنـا و بـەوەش لـە بازنـەی لاسـاییکردنەوە دەریانکـرد و گوتیـان شـیعری گۆرانـی گوزارشـتە لـە ناخـی تاکـی شـاعیر.. " (منـدور، ٢٠١٧، ل٣١).

زۆربـەی لێکۆڵـەران بـاش لـەوەش دەکـەن، کـە شـیعری گۆرانـی لەگـەڵ ئامێرێکـی موسـیقیدا دەگوترێ. "ئـەم هۆنـراوە سـەرەتا، کـە داهاتـووە لەگـەڵ بلوێـر و دووزەلـەدا ئەوتـرا، لـە پاشـا وای لێهـات هـەر شـیعرێ کـە تەعبیـری لـە عاتیفـە بدایەتـەوە وەکـو غـەزەل، مەتـح، لاوانـەوەوە و شـانازی، پێیـان ئـەوت شـیعری گۆرانـی.. " ( سـەیحادی، ١٣٨٩، ل١٦٦).

لـەم کورتـە باسـەدا دەگەینـە ئـەو ڕایـەی کـە شـیعری گۆرانـی بەشـێکی سـەرەکیی شـیعرە، جۆرێکـە لـە جۆرەکانـی شـیعری (داسـتانی، درامـی، گۆرانـی.. ) و شـیعری گۆرانـی هەمـان شـیعری لیرکـە کـە لای ئەوروپیـەکان نـاسراوە.

غـەزەل وەك چـۆن ئاماژەمـان پـێ دا، کـە بەشـێکە لـە شـیعری لیریـك بـە هەمـان شـێوە، لەنـاو ئەدەبیاتـی ڕۆژهەڵاتیشـدا غـەزەل بەشـێکە لـە شـیعری گۆرانـی و مێژوویەکـی کۆنـی هەیـە و بەدرێژایـی مرۆڤایەتـی غـەزەل "شـیعری خۆشەویسـتی بوونـی هەبـووە، چونکـە ئـەو هەسـتە پەیوەسـتە بـە دەروونـی مرۆڤـەوە و مرۆڤیـش هـەر لـە کـۆن تاکـو تـازە لـەو هەسـتە بەدەرنییـە.

لـە کۆتاییـدا دەگەینـە ئـەو ڕایـەی، کـە بابەتـی غـەزەل پیشـاندانی هەسـت و سـۆزە کـە پەیوەسـت دارە بـە پاڵەوانـی سـەرەکیی غـەزەل، یانـی خۆشویسـتراو (معشـوق)ە... (شمسـیا، ١٣٨٦، ل٢٩٢).

کەواتـە غـەزەل دەربـڕی هەسـت و سـۆزی کەسـییە و ئـەو هەسـت و سـۆزانەش پەیوەسـتن بـە مرۆڤـەوە، بۆیـە غـەزەل مێژوویەکـی دوور و درێـژی هەیـە وەك بابەتێکـی گشـتی کـە بـە شـیعری ئەویندارانـە نـاو دەبـرێ. و بەشـێك بـووە لـە شـیعری (گۆرانـی لـە ڕۆژهـەڵات و شـیعری لیریـك لـە ڕۆژئـاوا).

لەنـاو کوردیشـدا شـیعری گۆرانـی مێژوویەکـی دێرینـی هەیـە و هـەر لەکۆنـەوە شـاعیران شـیعریان گوتـووە و هۆنیوەتـەوە "شـیعری لیریـك لـە دیالێکتـی گۆرانیـدا لـە باوتریـن هونـەری شـیعرییە لـە ئەدەبـی کوردیـدا، زۆربـەی هـەرە زۆری شـیعر لـەم جۆرەیـە..." (خەزنـەدار، ٢٠٠١، ل١٦٣).

هەرچـی مـارف خەزنـەدارە شـیعری لیریکـی خۆماڵـی و لیریکـی ڕۆژهەڵاتـی لـە یـەك جیـا کردووەتـەوە و ئامـاژەی بـە هەردووکیـان کـردووە "شـیعری لیریکـی خۆماڵـی لـە ڕووی ناوەڕۆکـەوە هـەر یەکێکـە لەگـەڵ لیریکـی ئیسـلامی، تەنیـا لـە ڕووی ڕووخسـارەوە لێـی جیـا دەبێتـەوە، بـەوەی لیریکـی خۆماڵـی لـە سـەر کێشـی سـیلاب دەهۆنرێتـەوە و بایەخێکـی زۆریـش بـە یەکیەتـی قافیـە نـادرێ، هەروەهـا وشـە و ڕسـتە و تەعبیـری لیریکـی ئیسـلامی تێـدا بـەکار ناهێـنرێ، ئـەم لیریکـە خۆماڵییـە تایبەتـە بـە دیالێکتەکانـی گۆرانـی و لـوڕی و کرمانجـی سـەروو، دەشـێ شـیعری میللیشـی پـێ بڵێیـن... " (خەزنـەدار، ٢٠٠١، ل١٧٣).

کەواتـە لـە ئەدەبـی کوردیشـدا هاوشـێوەی ئەدەبیاتـی ڕۆژهەڵاتـی شـیعری غـەزەل (خۆشەویسـتی و ئافـرەت) بەشـێك بـووە لـە شـیعری گۆرانـی و پاشـان غـەزەل قاڵبـی خـۆی وەرگرتـووە لەژێـر کاریگەریـی ئەدەبیاتـی ئیسـلامی (عـەرەب، فـارس، تـورك..) وەکـو گرنگتریـن و سـەرەکیترین بەشـی ئەدەبـی کـوردی جێـی خـۆی کردووەتـەوە و گەیشـتووەتە لووتکـەی جوانـی و بـەرزی.

**تەوەرەی دووەم: غەزەل لە ئەدەبیاتی گەلاندا**

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێ دا، غەزەل پەیوەستە بە هەست و نەست و ناخی مرۆڤەوە، هەر بۆشە غەزەل مێژوویەکی دێرینی هەیە لە دونیای ئەدەبدا و بە ناو ئەدەبیاتی تەواوی گەلانی جیهاندا بڵاو بووەتەوەو رەگوریشەیەکی مێژوویی دێرینی هەیە، تەنیا ئەوەندە هەیە لە رووی روخسار و شێوازەوە دەکرێ جیاب ێ و لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر ناو و قاڵب و شێوازی جیاجیای وەرگرتبێ. بۆ خستنەرووی پوختەیەکی ئەم مێژووە لەم تەوەرەدا ئاماژە بە مێژووی غەزەل لای هەندێك لە گەل و نەتەوە جیاجیاکانی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی دەکەین و بەشێك لەو مێژووە بەکورتی دەخەینە روو.

١- غەزەل لای گەلانی رۆژهەلات و ئەوروپا: دیارە ئەوەی کە تا ئێستا روونە، کۆنترین ئەدەبیات و شارستانیەت دەدرێتە پاڵ گەلانی رۆژهەلات و بەتایبەت دەوروبەری دیجلە و فورات و گەلانی ئێرانی و ئاشوری و بابلی و سۆمەری و میسری کۆن، تاکو ئێستا ئەوە بووەتە راستییەکی مێژوویی و حاشاهەڵنەگر، و ئەدەب وەك بەشێکی گرنگی ئەم پاشماوە مێژووییە رۆڵی سەرەکی خۆی هەیە "کۆنترین ئەدەبیاتی جیهان دەدرێتە پاڵ خەڵکانێك کە لە دەڤەری بەپیت و بەرەکەتی کەنارەکانی نیل و دیجلە و فورات ئاکنجێ بوون، میسرییەکان، ئاشووریەکان، بابلییەکان و ئێرانییەکان، هەر هەموویان لە ئەدەبیاتی سەردەمی کۆندا بەشداریی بایەخداریان هەبووە (تراویك، ٢٠٠٨، ل١).

لەم ئەدەبیاتەشدا بە ئاشکرا و روون ئاماژە بە غەزەل و بابەتی ئاشقانە کراوە (شیعری ئاشقانە (غەزەلیات): میسریاتی کۆن ژمارەیەکی زۆری شیعری ئاشقانەیان لە سەردەمی جیاوازدا گوتووە، ناوەرۆکی زۆربەیان باسی سەربردەی ئاشقێنی خوشکان و برایانە (کە لەو رۆژگارەدا زەوجەینی خوشك و برا باو بووە) ناسکی و زەریفی و جۆش و خرۆش خەسڵەتی هەرە باوی ئەو شیعرانەیە (تراویك، ٢٠٠٨، ل٤).

دیارە کە سۆمەرییەکان وەکو کۆنترین شارستانیەت پێش هەمووان کەوتوون، کە شیعر و نووسراوی بەرزیان جێ هێشتووە (گلگامێش ئیپۆسێکی لیریکی (گۆرانی، سرودی)یە چیرۆکێکی شیعرییە لە گرێیەکی گەورەی ژیانی ئادەمیزاد دەدوێ، شاکارێکی بێهاوتایە، کارێکی دراماتیکی گەورەی کردووەتە سەر ئادەمیزاد، ٢٥٠٠ ساڵ پێش مەسیحەوە پشتاوپشت وەکو پەندی دانایی خەڵکی گێڕاویانەتەوە (خەزنەدار، ٢٠٠١، ل١٣٧).

دیارە دوای ئەمە میسرییە کۆنەکان دێن کە خاوەن ئەدەب و شارستانیەتێکی دێرینن "ئەدەبی میسری کۆن (بە زمانی قیبتی و ناوەڕۆکی فیرعەونی) لە پاش ئەدەبی سۆمەری، یەکێکە لە ئەدەبە دەوڵەمەندەکانی گێتی کۆن، بەوەی بابەت و هونەرەکانی ئەدەبیان رەنگاورەنگە، کۆنترین تێکستێکی شیعری ئەدەبی میسری کۆن ئەوەیە، کە لە سەر تاتە بەردێك هەڵکەندراوە و لە مۆزەی لایدن پارێزراوە. هۆنینەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٢٠٠ ساڵ پێش مەسیح... " (خەزنەدار، ٢٠٠١، ل١٣٨).

دیارە پێشتریش ئاماژەمان پێ دا کە غەزەل یان شیعری عاشقانە یەکێك بووە لە جۆرە دیارەکانی شیعری میسری. ئەدەبیاتی چینی: دیارە گەلانی چین وەك یەکێك لە گەلانی رۆژهەلاتی خاوەن مێژوو شارستانیەتێکی دێرینن وە لە رووی ئەدەبیاتەوە خاوەن ئەدەبیاتێکی دێرینن (محی شینگ (١٤٠٠ی پ.ز مردووە)، کە لەبەر شیعرە پێنج هیجاییەکانی و غەزەلە ئاشقانەکانی بە نێوبانگە... (تراویك، ٢٠٠٨، ل٢٢).

هیند: سەبارەت بە هیند وەکو گەلێکی رۆژهەلاتی بە هەمان شێوە مێژوویەکی دێرینی هەیە، لە غەزەلیشدا دەستێکی باڵایان هەبووە "زۆربەی شاعیرانی هیندی کۆن لە سەدەی یەکەمی پێش زایین بەم لاوە، زۆربەی شیعری لیریکییان گوتووە، لە زۆربەی ئەم شیعرانەدا جوانی و جۆش و خرۆش شەپۆل دەداتەوە، کالیداسا (٣٥٠ - ٥٠٠ زایین) یەکێکە لە رابەرانی (شیعری لیریك)" (تراویك، ٢٠٠٨، ل١٨).

ئەدەبیاتی عیبری: سەبارەت بە ئەدەبی عیبری ئەوە "کتێبی مزمارەکان خۆی لەخۆیدا بریتییە لە کۆشیعرێکی گەورەی شیعری لیریکی" (تراویك، ٢٠٠٨، ل٣٣).

سەبارەت بە غەزەل وەك بابەتێك دیسان ئەدەبی عیبری

بەڕوونی ئەمەی تێدا دەدرەوشێتەوە "غەزەلی غەزەلان یان غەزەلەکانی سلێمانی (٣٥٠پ.ز): بریتییە لە کۆمەڵە شیعرێکی ئاشقانە و نیمچە شانۆیی، کە بۆ ئەو دانراوە تا لە ئاهەنگی شایی و زەماوەندا بە گۆرانی بگوترێتەوە... " (تراویك، ٢٠٠٨، ل٣٤).

ئەدەبی یۆنانی: ئەدەبی یۆنانی دەگەڕێتەوە بۆ ٨٠٠ یان ٩٠٠ ی پێش زایین و خاوەنی گەورەترین بەرهەمی شیعرین لەو سات و سەردەمەدا "ئەوەی لەسەر ئێمەیە ئەوە بزانین کە ئیلیادە و ئۆدیسا لە چاخی ٨٠٠ یان ٩٠٠ ی پێش زایین هۆنراوەتەوە و شێوە و چنین و بنیادیان ئاماژەن لەسەر ئەوەی کە یەك نووسەر هۆنیویەتەوە" (باورا، ب.م، ل٨).

ئەگەر ئەمانە دوو داستان بووبن و بە شیعر هۆنرابنەوە، ئەوا سەبارەت بە شیعری لیریکییش یۆنان دەستێکی باڵای هەبووە لە (٥٧٠٠)کانی پێش زایین هۆزانی لیریکی دەبێ بە تاقە فۆڕمی ئەدەبی باو، چونکە لەبارترین قاڵبە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و بۆچوونی شاعیران (تراویك، ٢٠٠٨، ل٦٦).

هەر سەبارەت بە سەرەتای ئەم جۆرە شیعرە گوتراوە "وا حیساب دەکرێ کە مزمۆس دامەزرێنەری شیعری خۆشەویستی (لیریکی)بێ " (باورا، ب.م، ل٣٠).

جۆرێك لە غەزەل دەرکەوتووە کە پێی دەگوترێ (کۆڕاڵ) و ئەمەش هەرب ۆ ٦٠٠ و ٥٧٠٠کانی پێش زایین دەگەڕێتەوە "ڕەنگە غەزەلی کۆڕاڵ بۆ یەکەمجار لە ئەسپارتە و لەسەر دەستی ئەلیتاس (٦٧٥ پ.ز) ژیاوە، دامەزرابێ" (تراویك، ٢٠٠٨، ل٦٩). ئەمە پوختەیەك بوو سەبارەت بە شیعری لیریك لای یۆنانییەکان.

ئەدەبیاتی ئیتالی:

سەبارەت بە ئیتالیا ئەوەی بەکورتی ئاماژەی بۆ کرابێ ئۆفیدی شاعیرە "ئۆفید (پۆیلیۆس ئۆڤیدیوس ناسۆ ٤٣ پ.ز - ١٧٠٠زایینی) شاعیرێکی مەلحەمنووس و لیریکی و شانۆنامەنووس بووە، یەکێ لەبەرهەمەکانی (خۆشەویستی) یە، ئەم ئەشقەی وێنەی دەگرێت، ئەشقێکی سێکسی و نارەوایە..." (تراویك، ٢٠٠٨، ل٦٩).

لە ئیتالیا هەندێ شاعیری گەڕۆك هەبوون کە ڕۆڵیان هەبوو لە گەشەکردنی شیعری لیریکی "زۆرێك لە شاعیرە گەڕۆکە کەتەلۆنییەکان) هەندێکیش لە ئیتالییەکان بە زمانی خەڵکی پرۆڤانی فەرەنسی دەیاننووسی، هەندێ جاریش شیعری لیریکی پرۆڤانسیان وەردەگێردرا بۆ زمانانی تر، کە ئەمەش ڕۆڵێکی سەرەکی لەگەشەکردنی شیعری لیریکی هەبوو" ( مجموعە من المؤلفین، ٢٠١٣، ل١٤٥).

ئەدەبیاتی ئەڵمانی:

سەبارەت بە ئەدەبی ئەڵمانی (مینی زانگ)دیارترین و باوترین جۆری شیعر بووە کە زیاتر مەبەست پێی (ئاوازی ئاشقانە) بووە" ئەم وشەیە بەرامبەر شیعری لیریکی بەکار هاتووە، کە ماناکەی لە ئاوازی ئاشقانە فراوانترە (مینی زانگ، هەرچەندە ئەم وشەیە لەباری زمانەوانییەوە مانای ئاوازی ئاشقانە دەگەیەنێ، بەڵام بەمانا بەرینەکەی هەموو هۆزانی لیریکی بە زمانی ئەڵمانی باڵای ناوەڕاست دەگرێتەوە، هەڵبەتە هۆزانی لیریکی تەنیا ئەشق و ئەڤین نییە، بەڵکو سروشت، ئایین، نیشتمانپەروەری، مافناسی، زۆر بابەتی دیکەش دەگرێتەوە" (تراویك، ٢٠٠٨، ل٢٢٨).

دیارترین شاعیری ئەڵمانی کە شیعری لیریکی گوتبێ "والترڤۆن دێرۆڤۆگلوید (١١٧٠ز - ١٢٣٠ز) گەورەترین شاعیری مینی زانگە، بەزۆری بەدەم سەما و ڕەقسەوە بە ئاوازەوە دەگوترێ، لێ ئەم شیعرانە فەوتان و ژمارەیەکی زۆر کەمیان لێ ماونەتەوە، کۆنترین مێژووی هۆزانێن لیریکی بۆ سەرەتاکانی سەدەی دوانزەیەم دەگەڕێتەوە" (تراویك، ٢٠٠٨، ل٢٦٢).

دیارە بە درێژیی مێژووی ئەدەبی لیریك بەشێکی گرنگی شیعری ئەوروپی بووە، لە ناویاندا غەزەل بابەتێکی سەرەکی بووە (پترارك) لە هەر هەموو ئەو شاعیرانەی کە بە زمانی ئیتالیایی شیعریان گوتووە، پتر کاری کردووەتە سەر ئەدەبیاتی دوای خۆی، ئەو داهێنەری سۆناتە (غەزەل) نییە، بەڵام دەیگەیێنێتە لووتکەی کەماڵ لە نێو خەڵکیدا بڵاوی دەکاتەوە" وەکو بەراوردکراوە تەنیا لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا لە سەدەی شانزەمدا پتر لە سێ سەد هەزار غەزەل گوتراوە، کە شایستەیەکی زیندووە بۆ کاریگەری

ئـەوەی بـە پێـتراك گەرایـی نـاسراوە) (تراویـك، ٢٠٠٨، ل١٢).

کەواتــە شــیعری لیریــك بەگشــتی دیمەنێکــی دیــاری نێـو ئەدەبیاتـی ئەوروپییـە، لـە ناونیشـیدا غـەزەل (شـیعری عاشـقانە) کـە (سـوناتە، ترۆبـادۆر) و چەندیـن نـاوی تـر لەنـاو ئەدەبـی ئەوروپیـدا دەرکەوتـووە و لوتکـەی جوانـی ئـەو ئەدەبـە بـووە تاکـو ئێسـتا ئـەم جـۆرە لـە شـیعر درێـژەی هەیـە، بـەڵام ئێمـە لێـرەدا ناتوانیـن ورد و درشـتی ئەدەبـی ئەوروپـی سـەبارەت بـە شـیعری ئاشـقانە (غـەزەل) بخەینـە ڕوو، ئەوەنـدەی کـە خسـتمانە ڕوو سـەبارەت بـە ئەدەبیاتـی جیهانـی و ئەدەبـی ئەوروپـی، ئەوەبـوو کـە پیشـانی بدەیـن غـەزەل وەك بابەتێکـی شـیعری خۆشەویسـتی لەنـاو ئەدەبـی تـەواوی گەلانـی جیهانـدا بوونـی هەیـە و نـاو شـکڵ و شـێوەی جۆربەجـۆری وەرگرتـووە، بـەڵام وەك نـاوەڕۆك و مەبەسـت هەمـان نـاوەڕۆك و مەبەسـتی هەیـە.

٢- غەزەل لای عەرەب:

غـەزەل وەکـو پێشـتر باسـمان کـرد، جۆرێکـە لـە شـیعر لەگـەڵ هەسـت و نەسـت و سـۆزی مرۆڤـدا دێتـەوە، گەلانـی عـەرەب بەتایبـەت پێشـووتر وەك دەوارنشـین و کۆچـەری بـوون و ئـەم جـۆرە شـیعرانە لەناویانـدا زۆر بـاو بـووە "سـەرەتای غـەزەل لای عەرەبـەکان سـەرەتا مێژووییەکـەی دەچێتـەوە سـەر دەوارنشـینەکان..." (احمـد، ب.م، ل٢٤).

کەواتــە غــەزەل وەك بابەتێکــی شــیعری پەیوەســت بــە دەروونـی مـرۆڤ و بابەتـی خۆشەویسـتی مێژوویەکـی دێرینـی لای عەرەبــەکان هەیــە، زۆر جــار کاتێــك باســی غەزەلــی ڕۆژهەڵاتـی دەکـرێ، سـەرچاوەکە بـۆ عـەرەب دەگەڕێنرێتـەوە. "غــەزەل لــە کۆنترینــی هونەرەکانــی شــیعرییە لای عــەرەب و بڵاوترینیانـە، چونکـە پەیوەسـتە بـە سروشـتی مـرۆڤ و ژیانکردنـی تایبەتیەتـی.." (محمـد، ب.م، ل٦).

لای عــەرەب لــە پێداهەڵگوتنــی گردۆڵکــە و بیابــان و خسـتنەڕووی ژیانـی دەوارنشـینی لـە شـیعردا ڕەنگـی داوەتـەوە، شـیعری (گۆرانـی) بەشـی هـەرە دیـاری شـیعری سـەردەمی نەفامـی (جاهلـی) بـووە و لـە ناویشـیدا بـاس و بابەتـی خۆشەویسـتی فراوانتریـن مـەودای شـیعری عەرەبـی سـەردەمی نەفامـی (جاهلـی) داگیـر کـردووە. "ئێمـە دوور نەڕۆیشـوین ئەگـەر بڵێیـن شـیعری سـەردەمی نەفامـی (جاهلـی) هەمـووی شـیعری گۆرانـی (غنائی)یـە، شـیعری گۆرانـی عەرەبـی خودییـە و وێنـەی ناخـی خـودی شـاعیر دەخاتـە ڕوو وە ئـەو هەسـت و سۆزانەیشـی کـە لـە خـۆی گرتـوون.." (ضیـف، ب.م، ل١٩٠).

غــەزەل ســەرەتا لای عــەرەب و تــەواوی گەلانــی تــری ڕۆژهـەڵات، وەکـو پێشـەکی و دەسـتپێکی هـەر قەسـیدەیەك دەنـووسرا، وەکـو دەروازیـەك وابـوو بۆچوونـە نـاو بابەتـی سـەرەکی، بـەڵام دواتـرب وو بـە بابەتێکـی سـەربەخۆ و جیا "لـە کۆتـا ناوەڕۆکـی غـەزەل دەکـرا بـە پێشـەکی بـۆ هەمـوو بابەتەکانـی شـیعری لیریکـی، بـەڵام لەدوایـدا (غـەزەل) بـوو بــە مەبەســتێکی تایبەتــی ســەربەخۆ لــە ئەدەبــی هەمــوو نەتــەوە موســڵمانەکاندا" (خەزنــەدار، ٢٠٠١، ل١٧٤).

دیـارە شـیعری سـەردەمی نەفامـی وردە وردە پێگەیشـتوو بەدرێژایـی چـاخ و سـەردەمەکان هاتـووە و تاکـو ئێسـتاش بەردەوامـە "شـیعری نەفامـی کـۆن بـەردەوام لـە گـۆڕان و پێشـکەوتندا بـووە بەدرێژایـی چـاخ و سـەردەمەکان و سـەرەتا لـە قۆناغـی سـەرەتا و منداڵیـدا بـووە و پاشـان گەشـەی کردووە و درەوشــاوەتەوە تاکــو بــووە بــە قەسیدەیەکــی بەهێــزی وەســتاو لەســەر دەســتی (امـرؤ القیـس) هەڵگەڕاتـەوە و لـە سـەردەمی نەفامـی.." (الجبـوری، ٢٠١٣، ل١١٩).

تەنانــەت غــەزەل خۆیشــی گەشــەی کــردووە و چەندیــن جـۆری غـەزەل دەرکەوتـووە لەوانـە غەزەلـی عـوزری، غەزەلـی ڕووت، غەزەلـی سـۆفیانە... کـە هـەر یـەك لـەم جۆرانـە لـە غــەزەل وەك بابەتێکــی ســەربەخۆ دەرکەوتــوون.

٣- غەزەل لای فارس

وەکــو پێشــتر لــە پێناســەی غــەزەل لئاماژەمــان پــێ دا، شـیعری لیریـك یەکێـك لـە بەشـە سـەرەکییەکانی شـیعری عاشـقانە، یـان غەزەلـە "شـیعری لیریـك دەکـرێ شـیعری عاشـقانەبێ بـەم ڕووەوە بـە شـیعری لیریـك دەگوتـرێ (Love Lyric)، کـە شـیعری عاشـقانە یـان غـەزەل" (شمیسـا، ١٣٨٦، ل١٢٨).

کەواتـە غـەزەل شـیعری عاشـقانەیە، ئـەم شـیعرەش لەژێـر کاریگەریـی شـیعری عەرەبـی گوتـراوە، غـەزەل ڕاسـتە وەکـو بابەتـی شـیعری خۆشەویسـتی لـە شـیعری زۆربـەی گەلانـدا هەبـووە، بـەڵام وەکـو ئـەو قاڵبـە شـیعرییەی ڕۆژهـەڵات

فارسیش وەك هەر گەلێکی تر سوودی لە ئەدەبیاتی عەرەبی بینیوە و لاسایی کردووەتەوە، سەرەتای شاعیرانی غەزەلخوێنی فارسی بەم شێوەیە (هەرچەندە محمود وەراق هەروری (٢٢١ هیجری مردووە) فیرزوی مشرقی کە ساڵی (٢٨٣هیجری مردووە) حنزلەی بادینی، کە چەند دێرە شیعرێکیان لە دوا بەجێ ماوە کە لەم شێوازەدا لە غەزەل نزیکە، بەڵام یەکەمین شیعری غەزەل لە فارسیدا بەشێوە و ناوەڕۆك واتای غەزەل ئەو شیعرانش کە لە دوای (شەهیدی بەلخی ٣٢٥ مردووە) دوای ئەو (رودکی – ٣٢٩) دا دەبینم کە غەزەلن(شمیسا، ١٣٨٠، ل٥٤) کەواتە شەهیدی بەلخی یەکەم شاعیری غەزەلخوێنی فارسییە، کە شیعری غەزەلی لە دوای خۆی جێ هێشتووە. لێرەوە غەزەل لەلای فارسەکان درێژەی دەبێت و چاخ بلە دوای چاخ درێژە دەکێشێ، دەیان شاعیری وەکو (ڕودکی، بلخی، فرالاوی، هیروی، ربنجی، جویباری، ...هتد).

تا چاخەکانی دواتر دەرکەوتنی (سنائی، سعدی، انوری، عطار، خاقانی، مولودی، نیزامی...) گەشە بە غەزەل دەدەن و غەزەلی سۆفیانە دێننە ناوەوە و برەوی پێ دەدەن.

"سەرەنجامی غەزەل لە قۆناغی پێگەیشتنی خۆیدا لە سەردەمی سەعدیدا خۆی بینیەوە، ئەویش لە قەڕنی (حەوتەم)، قەڕنی باڵابوونی غەزەل.." (شمیسا، ١٣٨٠، ل٨٧).

بێگومان لە ئەدەبی فارسیدا غەزەل فراون بوو تا وای لێهات دابەش بووە سەر سێ جۆری سەرەکی: عاشقانە، عارفانە، قەلەندەرانە لەڕووی ناوەڕۆکەوە.

"لەڕووی ناوەڕۆکەوە غەزەل دابەش دەبێتە سەر سێ بەش: عشقانە، عارفانە، قەلەندەرانە.." (شمیسا، ١٣٨٠، ل٩٣) بێگومان غەزەل سەرایی فارس درێژەی دەبێت تا چاخی نوێ و بۆ ئەم مەبەستەش دەورەی غەزەل بۆ چەند قۆناغێك دابەش دەکەن.

١- چاخی غەزەل سەرەتایی یان غەزەلی سەرەتایی تاوەکو سەدەی شەشەم درێژە دەکێشی.

٢- دەورە، گەشەکردنی غەزەل کە لە سەدەی شەشەمەوە تا نۆیەم درێژە دەکێشێ.

٣- غەزەلی شێوازی هیندی و عێراقی کە لە چاخی نۆیەمەوە تا چاخی یازدەهەم درێژەی دەبێ.

٤- غەزەلی سەبکی هیندی کە لە چاخی یازدەمەوە تاوەکو ناوەڕاستی چاخی دوازدهەم درێژە دەکێشێ.

٥- غەزەلی دەورەی بازگەشت تاوەکو چاخی خۆمان درێژەی هەیە.

٦- غەزەلی نوێ کە هاوسەردەمی ئێستایە. (شمیسا، ١٣٨٠، ٢٠٩) کەواتە لای فارس غەزەل تاکو دەگاتە سەر غەزەلی نوێ هەر درێژەی هەیە و نوێترین شاعیرانی غەزەلی نوێ (تولی و نادرپور، سایە... هتد) ین.

"ئەم جۆرە غەزەلە تازەیە بە غەزەلی وێنەنمایی ناو دەنێین، .. کە شێوازێکی تازەی غەزەلە و پەیوەندییە بە غەزەلی کۆنەوە" (شمیسا، ١٣٨٠، ل٢٠٧).

ئەمەش پوختەیەك لەبارەی غەزەل لای فارس کە لەژێر کاریگەریی غەزەلی عەرەبی نووسراوە و بەشێکی گرنگ و سەرەکیی ئەدەبی فارسی داگیر کردووە. بەتایبەت غەزەلی سۆفییانە کە شاعیرانی ناوداری ئێرانی بەشی هەرەزۆریان ئەو شاعیرانەن کە غەزەلی سۆفییانەیان نووسیوە.

"لە شاعیرانی گەورەی فارس کە کاریگەر بوون بە شیعری عەرەبی، شاعیرانی کوردیش پێی کاریگەربووبن، لە ڕووی شێوە و بوونیادی شیعری" لە ڕووی پابەندی بە عەروزی عەرەبی و کێشی خەلیلی و یەکیەتیی قافیە و ستوونی شیعری عەرەبی (حافزی شیرزای ١٤٩٢ز) کۆچی دوایی کردووە، لە دیارترین شاعیرانی کوردیش کە بە حافز کاریگەر بووبن، مەلا ئەحمەدی جزیری و نالی و سالم" (شاکە، ٢٠١٠، ل١٨٤).

هەروەها حافزی شیرازی بە سەرقافڵەی غەزەلی فارسی دادەنرێ لای لێکۆڵەرانی ئەدەب (حافز لە شاعیرانی بەرەی یەکەمە لە شیعری فارسید، لەڕووی قاڵبەوە سەرقافڵەی غەزەلی فارسی یە....) (شاکە، ٢٠١٠، ١٨٥).

کەواتە غەزەل لای فارس هەم کارتێکراو بووە بەعەرەب بەتایبەت لە شیعری غەزەلدا و هەم کارتێکەربووە بەتایبەت کاریگەری زۆری کردووەتە سەر شاعیرانی کلاسیکی کوردی و تورکی.

٤- غەزەل لای تورك: ئەدەبیاتی تورکی وەك هەریەك لە ئەدەبیاتی گەلانی تری ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەر بووە بە ئەدەبیاتی ئیسلامی، بە تایبەت

ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی بەتایبەت ئەدەبی توركی زیاتر كاریگەری ئەدەبی فارسی بەسەرەوە بووەو زۆرترین كاریگەری لەسەر ئەدەبی توركی لەلایەن ئەدەبیاتی فارسی یەوە بووە (بێگومان مێژووی ئەدەبی توركی دوای دەركەوتنی ئیسلام، بەتایبەت چاخی پازدەهەمی زایینی و شازدەهەمی زایینی، ئەو دەقە ئەدەبیانەی تیادەركەوتن، كە خاوەنەكانیان دیارو ناسرابوون، ئەوانیش كارێكراوبوون بەهەردوو ئەدەبی عەرەبی و فارسی لەڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆكەوە.) (شاكە، ٢٠١٠، ل٢٣٤).

دیارە پێش ئەوەش (مەسنەوی) جلالدینی ڕۆمی (كە بە فارسی نووسراوە، چەندین دەقی تری شیعری سەرەتایی ئەو كاریگەر بوونە بوون بە ئەدەبی فارسی لەلایەن شاعیرە توركەكان، دیارە دوای ئەوە كۆمەڵێك شاعیری تری تورك لەژێر كاریگەری ئەدەبی فارسی دەقەكانیان نووسیوەو ئەوانیش تەنانەت زمانی تێكەڵی عەرەبی و فارسیان بەكارهێناوە لەگەڵ زمانی توركی (بێگومان كۆمەڵێك شاعیر لە مەیدانی شیعری گۆرانی (غنائی) توركی دەركەوتن، لەوانە: نسیمی بغدادی، باقی، نفعی، نائلی، ..هتد. توانای خۆیان پیشاندا لە ڕێی بەكارهێنانی زمانێكی تێكەڵی تایبەتی خاوەن پێكهاتەی وشەی فارسی و عەرەبی.. ) (شاكە، ٢٠١٠، ل٢٣٦).

كەواتە پێشتر ئاماژەمان بەوە دابوو، كە غەزەل بابەتێكی سەرەكیی شیعری گۆرانییە، ئەگەر نەڵێین هەموویەتی بۆیە لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییە كە غەزەل لای شاعیرانی تورك لەژێر كاریگەریی غەزەلی فارسیدا بووە، چ لە ڕووی ڕوخسار و چ لەڕووی ناوەڕۆكەوە "ئەدەبی عثمانی پێداگری لەوە دەكردەوە، كە ئەدەبێكی هەرەبەرزە، بۆیە شیعریان بەشێوەیەك دەهۆنیەوە لەسەر شێوەی ئەدەبی عەرەبی و فارسی، لە ڕووی جوانی ناسی و ڕێوشێنە هونەرییەكان (هالمان، ٢٠١٤، ل٤٠).

ڕاستە توركەكان كاریگەر بوون بە عەرەب و فارس، بەڵام ئەگەر كارتێكراو بووبن بە عەرەب لەڕێی شەرع و دینەوە ئەوا كارتێكراو بوون لەڕووی ئەدەبەوە، بە فارسەكان "دوای ئەوەی توركەكان هاتنە ناو ئیسلامەوە، كاریگەربوون بە عەرەب لە ڕووی زانست و دینەوە، بە فارسەكان لەڕووی شیعر و ئەدەب..." (علوان، ٢٠١٨، ن.پوست).

كاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەدەبی عەرەبی ئەگەر هەشبووبێ زۆر كەمتر بووە، بەڵكو زیاتر كاریگەرییەكەی ناڕاستەوخۆ بووە بەتایبەت لەڕێی ئەدەبی فارسییەوە (توركەكان زۆربەی یاسا و ڕێساكان كە وەریاندەگرت، ڕاستەوخۆ لە عەرەبیان وەرنەدەگرت، لە شارستانیەتی ئیسلامی گوێزرایەوە بۆ لای توركەكان لە ڕێگەی خوراسانەوە، كە چەقی بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری فارسی بوو.. (كوبرلی، ٢٠٠٢، ل٦٨).

وەكو گوتمان غەزەل وەك بابەتێكی سەرەكی لەژێر كاریگەریی غەزەلی فارسیدا بوو "لە سەدەی چواردەدا عاشق بابا، غەزەلەكانی دەهۆنیەوە لە مەبەستی سۆفیگەریدا كاریگەریی (یونس ئەمرە) لە ڕووی شێوەوە" (عبدالعال، ٢٠٠٧، ل٩).

شاعیرانی تورك كاریگەرییان گەیوەتە ئاستێك بە ئەدەبی فارسی كە هەر بەو زمانە غەزەلەكانیان بنووسن "نسیمی غەزەلی هۆنیوەتەوە لەهەر دوو دیوانەكەیدا بەزمانی فارسی و توركی " (عبدالعال، ٢٠٠٧، ل٩). غەزەل لای شاعیرانی تورك ڕەواجی زۆری بووە بەتایبەت غەزەلی سۆفییانە و جۆرەكانی تری غەزەل، وە (باقی) دەركەوتووترین شاعیری بواری غەزەل بووە (باقی لووتكەی غەزەل بووە لە ئەدەبی توركیدا...) (عبدالعال، ٢٠٠٧، ل٨٣).

ئەم كاریگەر بوونە بە ئەدەبیاتی فارسی بەگشتی و غەزەل بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو هۆكاری گیانی سۆفییانە لای فارس و تورك و ئاوازی ئاسانی فارسی كە بۆ لاساییكردنەوە خۆش و لەبار بووە "كاریگەری ئەدەبی فارسی زیادی كرد لە سەر ئەدەبی توركی بەتایبەت لە سەدەی چواردهەمدا، تەنانەت شاعیرەكان شیعریان بە زمانی فارسی دەهۆنیەوە، چونكە مۆسیقاكەی ئاسانتر دەهاتە بەرگوێ لە توركی، وە وشەی عەرەبی و فارسییش زۆر تێكەڵ بە زمانی توركی بوون" (عبدالعال، ٢٠٠٧، ل٢٤).

بێگومان ئەو لاساییكردنەوە و شوێن پێهەڵگرتنە شاعیرە توركەكانی گەیاندە ئاستی شاعیرە فارس زوبانەكان و ئاستێكی زۆر بەرزیان لەو بارەیەوە پیشاندا لە بابەتی

غەزەلـدا "لەسـەدەی حەڤـدەدا شـاعیر تورکـەکان بـە شـێوەیەك بابەتـی غـەزەل و قەسـیدەیان بـرەو پـێ دا، تـا گەیشـتن بـە ئاسـتی شـاعیرە فارسـە ڕاسـتەقینەکان" (عبدالعـال، ٢٠٠٧، ل٧١). کەواتـە غـەزەل لای تورکـەکان هەمـان شـێوە و مەبەسـتی غەزەلـی ئیسـلامی بەگشـتی بـووە و بەتایبـەت وێنەیەکـی دووبارەکـراوەی غەزەلـی فارسـی بـووە، بـەڵام بـە تـام و بـۆی شارسـتانیەتی تورکـی و تەنانـەت شـاعیرە تورکـەکان هەوڵیـان داوە پێشـبڕکێ لەگـەڵ غەزەلـی فارسـیدا بکـەن و بگـرە زۆرجـار و لـە زۆر مەیدانـدا پێشـیش بکەونـەوە "لـە سـەدەی حەڤـدەدا دوو ئاڕاسـتەی ئەدەبـی لـە ئەدەبـی تورکیـدا دەرکەوتـن:

١- دەسـتەیەکیان لاسـایی شـاعیرە باڵاکانـی تورکـی پێشـینیان دەکـردەوە وەکـو (فزولـی، باقـی، خیالـی... )

٢- دەسـتەی دووەم بەردەوامیـان دەدا بـە کاریگەربـوون بـە ئەدەبـی فارسـی لـە ڕووی غـەزەل و قەسـیدەوە، تەنانـەت پێـش فارسەکانیشـیان دایـەوە لـە هونـەری غـەزەل و قەسـیدەدا، لـە مەسنەویشـدا فـارس و تورکـەکان لەپێشـبڕکێدا بـوون" (عبدالعـال، ٢٠٠٧، ل٧١). وەك ڕوونبوونـی گیانـی سـۆفییانەی غەزەلـی فارسـی کاریگـەری زۆری هەبـوو بـە سـەر غەزەلـی تورکییـەوە، ئـەو ڕێبـازە سـۆفیگەرییانەش کـە لـە نـاو تورکـدا هەبـوون هـۆکار بـوون بـۆ گەشـەی ئەدەبێکـی سـۆفییانە و بەتایبـەت باڵابوونـی غەزەلـی سـۆفیانە (ئەدەبـی عثمانـی گیانێکـی سـۆفیانەی لەخـۆ دەگـرت و ئـەو مەبەسـتە سـۆفیگەرییانەی تیـادا دەدرەوشـانەوە کـە هەبـوون، ئەویـش بەهـۆی گەشـەی ڕێبـازە سـۆفیگەرییەکان کـە لـەو سـەردەمەدا لـە برەودابـوون، گرنگتریـن بیرۆکـە سـۆفییەکان بریتـی بـوون لـە "یەکیەتیـی بـوون، نـووری محەمـەدی، عیشـقی خودایـی، فەنـا، مانـەوە (بقـاء) و هتـد" (عبدالعـال، ٢٠٠٧، ل٩). بێگومـان غەزەلـی سـۆفییانە لای تـورك باڵاتریـن مەبەسـتی غـەزەل بـووە جگـە لـە بابەتەکانـی تـری غـەزەل (خۆشەویسـتی، دابـڕان، ... هتـد).

لـە ڕووی شێوەشـەوە پێشـتر ئاماژەمـان پـێ دا کـە لـە ڕووی ڕووخسـار و لایەنـی هونەرییـەوە، تـەواو لاسـایی غەزەلـی فارسـی بـووە، کەواتـە غـەزەل لای تورکـەکان بەگشـتی لـە ڕووی ڕوخسـار و ناوەڕۆکـەوە لاسـایی غەزەلـی فارسـی بـووە، بێگومـان ئەمـەش مانـای کۆپـی و دووبارەبوونـەوە نییـە، بەڵکـو غەزەلـی تورکـی خـاوەن بوونـی خۆیەتـی.

### تەوەری سێیەم: غەزەل لە ئەدەبیاتی کوردیدا

ئەدەبـی کـوردی وەکـو ئەدەبـی تـەواوی گەلانـی دراوسـێ لـە کارتێکـردن بەدەرنەبـووە، بەتایبـەت گەلانـی موسـڵمان دراوسـێ، کـە پێکـەوە خـاوەن یـەك سـەرچاوەی بیرکردنـەوە و ئاییـن و پەرسـتش بـوون بەتایبـەت ئایینـی ئیسـلام کـە لـە نیوەدوورگـەی عەرەبییـەوە دەرکـەوت و گەشـەی کـرد و وڵاتـان کەوتنـە ژێـر کاریگەریـی زمـان و ئەدەبیاتـی عەرەبـی، بەتایبـەت گەلانـی وەك (فـارس، تـورك، کـورد) ئـەم هاوبەشـییەش وایکـرد کـە هەمـووان کارتێکـردن و کارلێکردنیـان بەسـەر یەکترییـەوە هەبـێ، هاوبەشـی زۆریـان هەبـێ لـە ڕووی زمـان و کولتـوور و ئـەدەب، کوردیـش وەك یەکێـك لـەو گەلانـە کارتێکـراو بـووە بەتایبـەت لای عـەرەب و فـارس لـە ڕووی ئاییـن و کولتـوور و ئەدەبـەوە. شـاعیر و ڕۆشـنبیرانی کـورد مـەلاکان بـوون، کـە زانـا و دانـای بەرزیـان تیـا هەڵکەوتـووە، لـە حوجرەکانـدا لەپـاڵ کتێبـە شـەرعی و بیروبـاوەڕی و شـیکردنەوەی قورئانـدا، ڕەوانبێـژی و ڕێزمـان و ئەدەبـی عەرەبـی و فارسـی خوێنـدراوە و ئەمـەش هۆکارێـك بـووە بـۆ ئاشـنابوون بـەو زمانانـە و ئاشـنابوون بـە ئـەدەب و کولتـووری ئـەو نەتەوانـە.

(گوڵسـتان)ی سـەعدی یەکێـك بـووە لـەو دیوانـە شـیعرییانەی، کـە فەقێـکان خوێندوویانـە و ئاشـنایەتیان لـەو ڕێیـەوە لەگـەڵ زمـان و ئەدەبـی فارسـی پەیـدا کـردووە، پاشـان تەنانـەت مەنتـق (منطـق) و فەلسـەفەش خوێنـدراوە، لەپـاڵ ئەمەشـدا دیوانـە شـیعرەکانی خوێندراونـەوە و دیوانـی (شـافیعی) یەکێـك بـووە لـەو دیوانـە شـیعرییانەی مـەلای کـورد ئاشـنایەتی باشـی لەگەڵـدا هەبـووە، کەواتـە هـەم شـیعری فارسـی و هـەم شـیعری عەرەبـی کاریگـەری خـۆی بەسـەر مـەلا و زانایانـی کوردەوە هەبـووە "مـەلای جزیـری و نالـی وێنەیەکـی بـەرزی شـیعربوون، دیمەنـی شارسـتانیەتی و تەجروبـەی شـیعری گەلانـی هاوسـێیان کـرد بـە کـوردی، بـەڵام لەڕێگـەی زمانـی شـیعری کلاسیکیەوە، لەڕێگـەی زمانـی تێکەڵـەوە" (صابـر، ٢٠٠٦، ل٣٤٧).

بـۆ ڕوونکردنـەوەی زیاتـری ئـەم بابەتـە غەزەلـی شـیعری

کوردیـــمان دابـــەش کـــردووە بەپێـــی دیالێکتـــەکان لێیـــان دەدوێیـــن، بـــۆ ئـــەوەی بگەیـــن بـــەو ڕاســـتیەی کـــە بزانیـــن غەزەلـــی کوردیـــمان لـــە کوێـــوە دەســـتی پـــێ کـــردووە.

**١- غەزەل لە ئەدەبیاتی (گۆران)دا:**

زۆربـەی لێکۆڵەرانـی ئەدەبـی لـەو بـاوەڕەدان کـە ئەدەبـی کـۆن و ڕەسـەنی کـوردی، کەوەکـو دەق مابێتـەوە بەردەسـت بـێ لـەو دیالێکتـەدا بەرچـاو دەکـەوێ، تەنانـەت ئەدەبیاتـی کلاسـیکییش کـە وەکـو نووسـین ماوەتـەوە بـۆ ئـەوی دەگێڕنـەوە.

ئێمـە پێشـتر ئاماژەمـان بـەوەدا، کـە بەشـێکی دیـاری شـیعری لیریـك غەزەلـە، وە غەزەلیـش بـەو واتایـەی شـیعری خۆشەویسـتی و دابـڕان و دووری یـار.. هتـد. ئـەوا بەشـێك لـە مێژوونووسـانی ئەدەبـی کـوردی سـەرەتای غـەزەل وەکـو نـاوەڕۆك دەگێڕنـەوە بـۆ دیالێکتـی گۆرانـی "شـیعری لیریکـی لـە دیالێکتـی گۆرانیـدا لـە باوتریـن هونـەری شـیعرییە، لـە ئەدەبـی کوردیـدا، زۆربـەی هـەرە زۆری شـیعر لـەم جۆرەیـە.." (خەزنـەدار، ٢٠٠١، ل١٦٣).

ئـەم جـۆرەش لـە لیریـك کـە بەشـە سـەرەکییەکەی بریتـی یـە لـە غـەزەل لـەڕووی ناوەڕۆکـەوە هـەر هەمـان غەزەلـی ئیسـلامی (ڕۆژهەڵاتی)یـە، تەنیـا لـەڕووی ڕووخسـارەوە لێـی جیـاد ەبێتـەوە، بـەوەی لیریکـی خۆماڵـی لەسـەر کێشـی سـیلاب دەهۆنرێتـەوە و بایەخێکـی زۆریـش بـە یەکیەتیـی قافیـە نـادرێ، هەروەهـا وشـە و ڕسـتە و تەعبیـری لیریکـی ئیسلامی تێدا بـەکار ناهێـنرێ، ئـەم لیریکـە خۆماڵییـە تایبەتـە بـە دیالێکتەکانی گۆرانـی و لـوڕی و کرمانجیـی سـەروو، دەشـێ شـیعری میللیشـی پـێ بڵێیـن (خەزنـەدار، ٢٠٠١، ل١٧٣).

سـەبارەت بـە سـەرەتای ئەدەبـی کـوردی و شـیعری گۆرانـی، ئـەوا دەبـێ ئـەو ڕاسـتییە بزانیـن هیـچ گـەل و نەتەوەیـەك لـە دونیـادا نییـە، کـە خاوەنـی ئـەدەب و کولتـوور و زمـان و ڕەسـەنێتی خـۆی نەبـێ، بـەڵام کـورد وەکـو زۆر لـە گەلانـی تـر ئـەم ئـەدەب و کولتـوورەی بـە نووسـین نەکـراوە و تۆمـار نەکـراوە، یـا بـە هـۆکاری سیاسـی لەناوچـووە و نەماوەتـەوە "هـەروا دەزانیـن کـە لەنـاو کـورددا لـە ڕەوڕەوەی مێـژوودا گەلـێ هۆنـەر و نووسـەر و زانـاو پیتـۆڵ و پزیشـك و مێژوونـووس هەڵکەوتـوون و ڕاژە و خزمەتیـان بـە زمـان و وێـژەی کـوردی کـردووە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی گەلـی کـورد لـە ژیانـی کۆمەڵایەتـی و ڕامیـاری بێبـەش بـووە ئـەو بەرهەمانـە بایەخیـان پـێ نـەدراوە و زۆربـەی شـوێنەوارەکانیان تیاچـووە، ئـەو شـوێنەوارە کۆنانـە کـە بەداخـەوە زۆرتریـان لەناوچـوون بریتیـن لـە هەنـدێ شـوێنەواری وێژەیـی و ئایینـی کـە لـە لایـەن هەنـدێ کوردپـەروەر و وێژەپارێـزەوە پارێـزراون و ماونەتەوە"(بۆرەکەیـی، ١٣٧٠، ل٣٠).

کەواتـە کـورد پێـش ئیسـلامیش خاوەنـی چەندیـن بەرهەمـی ئەدەبـی و ئایینـی بـووەو چ بەشـێوەی زارەکـی و چ بەشـێوەی نووسـین، بـەڵام زۆربەیـان نەماونەتـەوە و هەندێکیشـیان کـە مـاون بەشـێوەی سـەرزاری دوای هاتنـی ئیسـلام نووسـەرانی کـورد کردویانـن بـە دەقـی نـووسراو، نموونـەی ئەوانـە (مـەم و زیـن، یوسـف و زولێخـا، شـیرین و خـوسرەو، شـێخی سـەنعان، بـارام و گوڵئەندام....هتـد)،، کـە مێژوونـووس صدیـق بۆرەکەیـی ئامـاژە بـە دەیـان چیـرۆك و داستانی شـیعری لـەو جـۆرە دەدات، ئێمـە دەرفەتـی ناوهێنانـی هەموویانمـان نیـە، کاری ئێمـە باسـی بابەتـی غـەزەل و شـیعری خۆشەویسـتییە، کـە ئەمانـەش وەکـو نموونـە بەشـێکن لـەو چیرۆکـە دڵـداری و فارەمانییانـە بـە شـیعر نـووسراون، بـەڵام ئێمـە تەنهـا ئاماژەمـان بەهەندێکیـان دا.

دەورەی یەکەمـی یارسـانەکان، کـە زۆربـەی مێژوونووسـانی ئـەدەب ئامـاژەی پێڤـەدەدەن وەکـو ئەدەبـی نـووسراو، بەڤسـەرەتای ئەدەبیاتـی گـۆران دادەنـرێ "قۆناغـی یەکـەم: ئەدەبیاتـی ئایینـی یارسـان لەسـەدەکانی (١٠ -١٢م)یـە، ئـەم بەرهەمـە ئەدەبـی- ئایینییـە، لـەو دەفتـەر و نامانـەدا پارێـزراون کـە بـە نـاوی دەوری بالـول، دەوری بابـا سـەرهەنگ، دەورەی بابـا شـا خوشـین، دەورەی بابـا نـاوس تۆمـار کـراون، نویشـکی ئەمانـە لـە کتێبـی (سـەرەنجام)دا نووسراونەتـەوە" (خەزنـەدار، ب١، ٢٠٠١، ل٢٣٣).

دیـارە مێـژووی ئەدەبیاتـی گـۆران بـۆ پێـش ئەمـەش دەگەڕێتـەوە، د. مـارف خەزنـەدار دەیباتـەوە بـۆ پێـش بابـا تاهیریـش "یارسانەکان لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن کـە لـە دەورەی ئیسـلامیدا، لـە سـەدەی دووەمـی هیجـری بالولـی دانـا (٨٠٦م کۆچـی دوایـی کـردووە) یەکەمیـن کـەس بـوو، کـە ئایینـی یارسـانی لـە هەورامـان تـازە کردۆتـەوە، هەنـدێ شـیعری

کوردیشیان بەناوی ئەوەوە لە بڵاوکراوەی دەورەی بالوولدا نووسیوەتەوە" (خەزنەدار، ب١، ٢٠١٠، ل٢٣٣)

هەرچەندە زۆربەی مێژوونووسانی ئەدەب لەسەر ئەو ڕایەن، کە ئەدەبی نووسراو غەزەل بەو قاڵبە گشتییە ڕۆژهەڵاتییەی لای باباتاهیری هەمەدانیەوە دەست پێ دەکات و سەرەتای ئەدەبی نووسراویشە، کە تاکو ئێستا دەقی باوەڕپێکراوی هەبێ. "ماوەی هەشت سەدە (لە باباتاهیرەوە بۆ مەولەوی..) پانتاییەکی جوگرافی فراوان (مەڵبەندی سێکۆچکەی کەرکووك- هەمەدان – کرماشان)، بە شێوەی جۆراوجۆر و بەردەوامی هەبووە و لە ماوەی ٤٠٠ ساڵی دواییدا (١٤٠٠ – ١٨٠٠ز) زمانی ئایینی و زمانی ئەدەبی ڕەسمی و دانپیانراو بووە" (دەشتی، ٢٠١٣، ل٣٣).

د.عثمان دەشتی ئەمە لە باسی (زمانی ئەدەبی گۆران) دا باس دەکات، کە پێشتر زمانی ئایینی یارسان بووە و بووە بە زمانی ئەدەبی و ئایینی، ئەوەی مەبەستی ئێمەیە، کە مێژووی ئەدەبی کوردی و شیعری کوردی سەرەتاکەی، کە شیعری (گۆرانی)یە، لە دیالێکتی گۆراندا، چ بۆ ئافرەت گوترابێ یا هەستێکی خۆشەویستی خودایی و دابڕان و دووری یار پیشان دەدات لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، ئەوا دەکرێ وەکو سەرەتای غەزەل لە شیعری کوردیدا ئاماژەی پێ بکرێ، هەندێ لە مێژوونووسان دیسان بۆ سەرەتای ئەم جۆرە لە غەزەل کە بە شیعری لیریکی خۆماڵی دادەنێن و غەزەل وەك بەشێك لە لیریك سەیر دەکەن، ئەوا دەکرێ بڵێین پێش باباتاهیریش تەنانەت لە ئەدەبی سەر زاریشدا، کە بەدەم ئالەتی مۆسیقییەوە گوتراوە و بۆ ئافرەت یان خودا، ئەوا دەکرێ وەك سەرەتای غەزەلی کوردی لەڕووی ناوەڕۆکەوە سەیربکرێ، بەڵام غەزەل بە واتای چەمکە ڕۆژهەڵاتیە ئیسلامییەکەی ناگرێتەوە، کە ئەمەیان مێژووەکەی زیاتر دەبرێتەوە بۆ کرمانجیی ژوورو، کە دواتر باسی دەکەین.

لە شێوەزاری گۆرانیدا دوای باباتاهیر چەندان شاعیری تر دەرکەوتن وەکو (وەلی دێوانە، ئێل ئەگی جاف، بێسارانی، ئەڵماس خانی کەندولەیی، خانای قوبادی، وەلی دێوانە.. هتد)، کە مێژوونووسان بەشێکی شیعرەکانی ئەم شاعیرانە لە خانەی غەزەل هەژمار دەکەن لە چوارچێوەی شیعری گۆرانی(لیریکی)ی کوردیدا، بەتایبەت ئەوانەی کە لوڕی بە بەشێك لە شێوەزاری گۆران دەزانن و پێیان وا نییە لوڕ دیالێکتێکی سەربەخۆ بێ "لەناو دووبەیتەکانی بابا تاهیردا دەتوانین هەست بە بیرێکی دڵداری ناسك بکەین، بەڵام تێکەڵ بە سرودی توانەوە لەناو خودادا. لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان مەبەستی بابا تاهیر عەشقی خودایی بووە، با هەندێ وێنەش بۆنی عەشقی ئادەمیزادی لێ بێ" (خەزنەدار، ٢٠٠١، ل١٩٣).

هەرچەندە باباتاهیر لە ڕووی ڕووخسارەوە دووبەیتییەکانی ناچنەوە سەر بنەمای غەزەلی عەرەبی ئیسلامی و قاڵبی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆك و مەبەستەوە، وەکو گوتمان غەزەل بابەتی خۆشەویستی و عاشقانەیە ئەوا دەکرێ دووبەیتییەکانی باباتاهیر بگرە بەشێك لە شیعری میللی کوردیش وەکو ناوەڕۆك لە خانەی غەزەلدا هەژمار بکرێن، ئەم غەزەلانەی باباتاهیر خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیان بوون.

**٢- غەزەل لە ئەدەبیاتی دیالێکتیی کوردیی ژووروودا**

غەزەل بە قاڵبە ڕۆژهەڵاتییە ئیسلامییەکەی ئەوا زۆرێك لە لێکۆڵەرانی ئەدەب دەیبەنەوە لای جزیری (پێغەمبەری سەر دەفتەری شیعری تەڕی غەرامی لە خاکی پاکی بۆتان..) (سەجادی، ١٣٨٩، ل١٨٨).

غەزەل لە قاڵبێکی مەیوو تەواو کامڵدا لای شاعیرانی کلاسیك بە تەواوی دەرکەوتووە، ئەگەر پێشتر وەکو ناوەڕۆك شیعر و دەق و گەلێ لەو جۆرە هەبن کە ناوەڕۆکەکەیان بابەتی خۆشەویستی و عیشق و پیاهەڵدان بە ئافرەت بێ، ئەوا دەکرێ وەکو سەرەتایەکی غەزەل هەژمار بکرێن، بەڵام غەزەلی ڕۆژهەڵاتی کە لای عەرەب سەرچاوەی گرت و پاشان بەو ناوە ئەدەبیاتی گەلانی وەك (فارس، تورك، کورد)دا بڵاوبوویەوە، لە قاڵبێکی تەواودا و وەك مەبەستێکی سەربەخۆی شیعری، ئەوا لە ئەدەبی کوردیدا ئەو سەرەتایە دەگەڕێتەوە بۆ جزیری (داهێنەری غەزەلی کێشی عەروزی و یەکێتیی قافیە لە ئەدەبی کوردیدا مەلای جزیرییە..) (خەزنەدار، ب٢، ٢٠٠١، ل٢٤٧).

جزیری ڕچەشکێنی غەزەلی ڕۆژهەڵاتییە لە ئەدەبی

کوردیدا، وە غەزەلەکانیشی زیاتر بەلای سۆفیگەراییدا دەچن و عیشقی ئیلاهی مەبەستی سەرەکیی غەزەلەکانی جزیرین "مەلای جزیری دەورێکی گەورەی هەبوو لە دروستکردنی و مشتومالکردن و گۆرانی غەزەلی کورد، بەوەی ئادەمیزادی تێکەڵ بە سروشت کردووە و پەردەیەکی سۆفیزمی زۆر تەنکی بەسەردا کێشاوە، مەرجەکانی پێویست بە باوەڕی ئایینی کۆ کردۆتەوە" (خەزنەدار، ب١، ٢٠٠١، ل٢٤٧).

کەواتە سەرەتای غەزەلی کوردی وەك قاڵبێکی تەواو کارتێکراو بە غەزەلی ئیسلامی (عەرەبی، فارسی، تورکی) دەگەڕێتەوە بۆ جزیری، جزیری لەڕێی کاریگەربوون و ئاشنایەتی بە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و تورکی قاڵبی غەزەلی وەکو قاڵبێکی پێگەیشتوو تەواو هێنایە ناو ئەدەبی کوردی و بووە سەرەتای داهێنانێکی گرنگ لە ئەدەبی کوردیدا.

هەر لە شێوەزاری کوردیی ژووروودا لە دوای جزیری چەندین شاعیری تر ئەو ڕێچکەیەیان گرتووەو شیعری غەزەلیان گرتووە، وەکو (خانی، مەلای باتەیی، پرتەوی، هەکاری...) دواتر غەزەل لای سەرجەم شاعیرانی کورد وەك قاڵبێکی سەربەخۆو مەبەستی سەرەکی شیعرەکانیان دەرکەوتووەو بووەتە یەکێك لە سەرەکیترین جۆری شیعر لای شاعیرانی کورد.

**٣- غەزەل لە ئەدەبیاتی شێوەزاری کوردیی ناوەندیدا**

لە شێوەزاری کوردیی ناوەندی لە باشووردا لە سەردەمی دەسەڵاتی بابانـدا چەندین شاعیر دەرکەوتوون، کە بە کوردی شیعریان نووسیوە، بەشێك لە لێکۆڵەرانی ئەدەب بە ڕێنسانسی ئەدەبی کوردی دایدەنێن. لە دیارترین ئەو شاعیرانە (نالی، سالم، کوردی.. هتد) هەرچەندە ئاماژە بەوە کراوە، کە پێش ئەمانە (ڕەنجوری) بەو شێوەزارە شیعری گوتووە، بەڵام لێکۆڵەرانی ئەدەب نالی وەك ڕچەشکێن و سەرقافڵەی شیعری ئەم ناوچەیە دادەنێن. ئەوەی پەیوەستە بە ئێمەوە، ئەوەیە، کە نالی وەك سەرقافڵە و یەکە شاعیری غەزەلخوێنی کوردی لەو شێوەزارە هەژمار دەکرێ تەنانەت (نالی)یش، کە سەردەستەی شاعیرانی قوتابخانەی بابانە، بەپلەی یەکەم شاعیری غەزەل بووە (دەشتی، ٢٠٢١، ل٣٦٩).

کەواتە دەرکەوتنی غەزەل لە شێوەزاری کوردیی ناوەندیدا وەك قاڵبێکی ڕۆژهەڵاتی و تەواو پێگەیشتوو لای نالی دەرکەوتووە و زۆرینەی شیعرەکانی شاعیر غەزەل بوون (غەزەل بە پلەی یەکەم دێ لە لیستی مەبەستە شیعرییەکانی نالی، بەشی هەرەزۆری شیعرەکانی پێکدەهێنێ (شاکە، ٢٠١٠، ل٧٩).

دەکرێ لەم شێوەزارەشدا پێشووتر شاعیرانێکی میللی، کە شیعری گۆرانیان گوتووە هەبووبن، کە شیعریان بۆ ئافرەت و جوانی ئافرەت و خۆشەویستی گوتبێ، بەو واتایەی غەزەلیان لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەرجەستەکردبێ، بەڵام غەزەل وەکو قاڵبێکی شیعری ڕۆژهەڵاتی لەسەر دەمی نالی لەم شێوەزارەدا دەرکەوتووە و لە ئاستێکی بەرزی هونەرییدا خۆی نمایش کردووە. دوای نالی شاعیرانی تری وەك (سالم، کوردی، مەحوی، حەمدی... هتد) درێژەیان بەم بابەتە داوە، بەتایبەت سالم مەبەستەکەی گەیاندووەتە لووتکە و دەکرێ بە شاعیری غەزەل بناسرێ "سالم شاعیر و شاسواری غەزەلخوێن و غەزەلنووسی کوردی یەکەمینە لە مێژووی ئەدەب و دیوانی شیعری کلاسیکی کوردیدا..." (دەشتی، ٢٠٢١، ل١٥).

دەکرێ بڵێین (کوردی، مەحوی، حەمدی، ...هتد) لە مەیدانی غەزەلدا کەمتر لە نالی و سالم نەبوون، بەڵام دەکرێ بڵێین نالی ڕچەشکێن بووە و سەردەستەی شیعری غەزەل بووە لەم شێوەزارەدا.

**تەوەرەی چوارەم : جۆرەکان و بونیادی هونەری غەزەل:**

١- جۆرەکانی غەزەل: غەزەل لەسەرەتادا وەکو دەستپێکی قەسیدە بەکار دەهات، لەپێناو ڕاکێشانی گوێگر و خوێنەر بە لای بابەتی قەسیدەدا، شاعیران لە چەند بەیتێکدا بە بابەتی غەزەل دەستیان پێ دەکرد و سەرەتای قەسیدە یان پێ دەڕازاندەوە و زۆرجار پێی دەگوترا (تغزل..).

بەغەزەلکردن (تغزل) ئەو جۆرە غەزەلەیە، کە لە سەرەتای قەسیدەوە دێت، وا باو بووە، کە شاعیران لە سەرەتای قەسیدەدا بە چەند دێڕێك لەبارەی عیشق و وەسفی مەعشوق وەسفی سروشت دەستیان پێ کردووە. (شمیسا، ١٣٨٠، ل٣٦).

لـە سـەرەتادا غـەزەل بابەتێکـی سـەربەخۆ نەبـووە، بەڵکـو بەشـێك بـووە لـە قەسـیدە، پاشـان جیـا بووەتـەوە و وەکـو بابەتێکـی سـەرەکیی شـیعر دەرکەوتـووە و بـووە بـە یەکێـك لـە مەبەسـتە گرنگەکانـی شـیعری ڕۆژهەڵاتـی بەگشـتی، وەکـو پێشـتر ئاماژەمـان پـێ دا لەسـەرەتادا غـەزەل خـۆی مەبەسـت نەبـووە، بەڵکـو هـۆکار بـووە بـۆ ڕاکێشـانی سـەرنجی خوێنـەر "غـەزەل لای (ابـن قطیبـة) تەنیـا هەسـتێکی سـۆزداری نییـە، کـە لـە ویژدانـی شـاعیرەوە دەرچووبـێ، سـۆزێك نییـە لـە هەسـتەکانیەوە سـەرچاوەی گرتبـێ، دەرچـەك نییـە بـۆ خۆخاڵیکردنـەوە و گوزارشـت لەخۆکـردن، بەڵکـو غـەزەل شـیعرێکی چـنراوی ئامانجـدارە، کـە شـاعیر بـە ئەنقەسـت پەنـای بـۆ دەبـات، کـە هەسـتی گوێگـران بجووڵێنـێ، وە گوێچکەیـان پـێ هەڵخـا و دڵیـان بـۆی تامەزرۆبـێ، بەڵکـو ئامادەکردنیانـە بـۆ بیسـتنی مەبەسـتی تـر.." (فیصـل، ١٩٥٩، ل٩).

کەواتــە غــەزەل ســەرەتای خــۆی مەبەســت نەبــووە، بەڵکـو هـۆکار بـووە بـۆ ڕاکێشـانی سـەرنجی خوێنـەر بـە لای قەسـیدەدا و سـەرنجدان لـە مەبەسـتەکانی، بـەڵام دواتـر غـەزەل بـووە بـە مەبەسـتی سـەربەخۆ و چەنـد جۆرێکیشـی لـێ جیـا بووەتـەوە. ئـەم جیابوونەوەیـەش بەپێـی مەبەسـت و ناوەڕۆکـی غـەزەل بـووە، چونکـە غـەزەل لـە ڕووی قاڵبـەوە یـەك شـێوەی هەبـووە و دوای باسـی دەکەیـن، بـەڵام لـە ڕووی ناوەڕۆکـەوە چەنـد مەبەسـتێکی لەخـۆ گرتـووە "غـەزەل زمانـی سـۆزە، شـاعیران تامـەزرۆی خۆیانیـان تیایـدا وێنـا کـردووە، هەسـتەکانیان بەرامبـەر ئافـرەت تێـدا خسـتۆتە ڕوو، ئـەوەش کـە پەیوەسـتە بەمـەوە لـە پێکگەیشـتن و دابـڕان لـە بەڵێـن و بێبەڵێنـی، لـە نـازداری و بێنـازی، وێنـای خۆشـبەختی و بەدبەختـی و خۆزگـەکان و ئازارەکانیـان تیـادا کـردووە" (الجبـوری، ٢٠١٣، ل٢٣٧).

بۆیـە دەبینیـن لـە ڕووی مەبەسـتەوە چەنـد جۆرێـك لـە غـەزەل دەرکەوتـوون:

أ- غەزەلـی پـاك و بێگـەرد: ئـەم جـۆرە لـە غـەزەل دەربڕینـی هەسـتی خۆشەویسـتییە دوور لـە چێـژی مـاددی و جەسـتەی، بەڵکـو هەسـت و سـۆزێکە لـە دڵـەوە بەرامبـەر مەعشـوق "غەزەلـی پـاك و بێگـەرد (غـزال العـزری) بریتییـە لـە عەشـق و خۆشەویسـتی یەکـی دوور لـە چێـژی جەسـتەیی و سێکسـی" (احمـد، ب.م، ١٩).

کـە لـەم جۆرەیانـدا زیاتـر جوانـی ڕەفتـار و خووڕەوشـت دەبێتـە مەبەسـت و دوور دەبـێ لـە چێـژی کاتـی و جەسـتەیی "غەزەلـی پـاك و بێگـەرد (العزری): غەزەلێکـە گیانـی پاڵافتەیـە، نیـاز و خواسـتی جەسـتەیی تێکـەڵ نابـێ، ڕاسـتگۆیی سـۆز و گەرموگـوڕی تیادایـە، غـەزەل خوێـن سـەر یـەك خۆشەویسـتی ئۆقـرە دەگـرێ و دڵـی بـە جوانییەکـەی ئـارام دەبێتـەوە نـەك بـە چێـری جەسـتەیی.. ) (عبدالواحیـد، ٢٠٠٧، ل٣٦).

دەتوانیــن بڵێیــن ئــەو جــۆرە لــە غــەزەل لــە باوتریــن جۆرەکانـی غەزەلـە لـە ئەدەبیاتـی ڕۆژهەڵاتـی بەگشـتی و ئەدەبیاتـی کـوردی بـە تایبەتـی.

ب- غەزەلـی هەسـتی (غـزل الحسـی): ئـەم جـۆرە لـە غـەزەل چێـژی جەسـتەیی تیایـدا ڕۆڵ دەبینـێ، زیاتـر شـاعیر بـاس لـە جوانـی و دیمەنـی ڕواڵەتـی ئافـرەت دەکات و مەبەسـتی پێگەیشـتن و چێـژ لـێ بینینەتـی "غەزەلێکـی ڕواڵەتـی و ماددییـە، کـە ئـارەزووی گەیشـتن بـە ئافرەتـی تێکـەڵ دەبـێ، گوزارشـتە لـە خۆشەویسـتییەك لەپێنـاو پێگەیشـتن و چێژلێبینیـن لـە ئافرەتـی بـە مەبەسـت گیـراو لای شـاعیر.. " (عبدالواحـد، ٢٠٠٧، ل٣٦).

چێژبینیــن لــە جوانیــی ئافــرەت و چێــژی جەســتەیی و هەسـتی لـە دیارتریـن بابەتەکانـی غەزەلـی هەسـتین، ئەمـەش لەنـاو ئەدەبـی عەرەبـی و ئەدەبـی گەلانـی تریـش کـە لاسـایی ئەدەبـی عەرەبیـان دەکـردەوە، بـوو بـە بابەتێکـی سـەرەکیی شـیعری غـەزەل، لـەم جۆرەیانـدا بابەتێکـی تـری غـەزەل دەرکـەوت، ئەویـش غـەزەل بـۆ نێرینـە، شـاعیران وەکـو چـۆن غەزەلیـان بەسـەر کچـدا دەگـوت، بەهەمـان شـێوەش غەزەلیـان بەسـەر کوڕیشـدا دەگـوت، بەتایبـەت لەنـاو ئەدەبیاتـی عەرەبیـدا لـە سـەردەمی عەباسـییەکاندا ئـەم جـۆرە لــە غــەزەل دەرکــەوت "ئەگــەر چــی لــە بنجــدا هەســت و نەسـتێکە بەرامبـەر بـە مێینـە، بـەڵام لـە ئەدەبـدا لـە ڕۆژگارانـی گۆڕانیـدا غەزەلـی نێرینـەش پەیدابـوو" (خەزنـەدار، ٢٠٠١، ل١٧٤). هەنـدێ لـە ڕەخنەگـران پەیدابوونـی ئـەم جـۆرە لـە غـەزەل لـە ئەدەبـی عەرەبیـدا دەگێڕنـەوە بـۆ کاریگەربـوون بـە ئەدەبـی فارسـی "غـەزەل بـۆ نێرینـە، لـە

بەشێك لە شیعری عەرەبیدا ئەم جۆرە لە شیعری غەزەل دەخوێنینەوە، شاعیر وەسفی جوانی کوڕ دەکات هەروەك چۆن وەسفی جوانی کچ دەکات، و باسی هۆگربوون پێی و ئارەزووی بەلایدا دەکات هەروەك باسی هۆگربوون و ئارەزووی بەلای ئافرەتدا. دەرکەوتنی ئەم جۆرە غەزەلە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمی عەباسی کاتێك عەرەب لە ڕووی شارستانیەوە تێکەڵ بە فارسی بوو، شارستانیەتی فارسی گوێزرایەوە بۆ لای عەرەب و نموونەی ئەم شاعیرانە (ابو نواس، بوحتری)بوون (ابورحاب، ١٩٤٧، ل١٥٣). ئەمەش سەبارەت بە غەزەلی هەستی، کە کورتەیەکمان خستنە ڕوو.

ج- غەزەلی سۆفییانە: جۆری سێیەمی غەزەل، غەزەلی سۆفییانەیە، کە ئەم جۆرە لە ئەدەبیاتی فارسیدا زۆر باو بووە نموونەی شاعیرانی بەرزی تیا هەڵکەوتوون، وەکو چۆن لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا بە هەمان شێوە باوبووە. ئەمە بۆ ئەدەبیاتی کوردیش هەر ڕاستە و شاعیرانێکی زۆری کلاسیك لەم جۆرە غەزەلەیان نووسیوە، بەڵام بۆ ناسینی ئەم جۆرە غەزەلە ڕەخنەگران زۆریان باس کردووە و ئێمەش ئاماژەیەك بەوە دەکەین و هەندێ ڕا لەوبارەیەوە دەخەینە ڕوو "غەزەلی سۆفیزم بریتییە لە تەمومژێکی گیانی، سۆز و خۆشەویستییەکی ئەوتۆی دروست کردووە، هەندێ جار وا دەزانێ ئەم خۆشەویستییە کوڕە، هەندێ جاریش وا دەزانێ کچە، جاری تریش تێکەڵ بەیەکتری دەبن و نەکوڕ و نەکچە، ئەمە لای ئەوان (موتلەق)ە، خۆی لە کردگاردا دەنوێنێ.. "(خەزنەدار، ٢٠٠١، ل١٧٥).

ئەم جۆرە لە غەزەل باسکردنە لە مەعشوقێك کە لە سەروی خەسڵەتە مرۆییەکانەوەیە زۆرجار لەپێناوی تێگەیاندنی بەرامبەر شاعیر پەنا دەباتە بەر لێکچواندن و خواستنی بەرجەستە، تا دیمەنەکانمان بۆ ڕوون بکاتەوە، ئەگینا لێرە مەعشوق کردگارە و لەسەرو هەستوچێژە جەستەیی و ماددییەکانەوەیە، هەندێ جار دەکرێ مەعشوق مرۆڤ بێ لە شێوەی پێغەمبەر، یان شێخ و پیرێکی تەریقەت.

"غەزەلی سۆفییانە، ئەوەیە شاعیر شیعر بۆ خۆشەویستیی خوایی دەڵێ، ئەم جۆرە شیعرە لە جوانترین جۆری شیعری فارسییە، بەڵکو تەنانەت نهێنی گەورەیی شیعری فارسییە بە تەواوی.. " (قندیل، ١٩٧٥، ل٥٥).

بێگومان ئەو کاریگەرییەی ئەدەبی فارسی بە سەر ئەدەبی تورکی و کوردییشەوە زۆر بەرچاو دیار بووە و هەر یەك لە کورد و تورك زۆر کاریگەر بوون بەو جۆرە لە شیعری فارسی زیاتر تا عەرەب( ئەدەبی ئێرانی ئیسلامی کاریگەرییەکانی زۆر زیاتر دەرکەوتن بە سەر گەلە ئازادکراوەکان بە ڕووی ئیسلامدا" (کوبرلی، ٢٠٠٢، ل٦٧).

دەتوانین بڵێین غەزەلی سۆفییانە دواتر تەواو باڵی بەسەر ئەدەبیاتی ئەو گەلانەدا کێشاوە و بووەتە نموونەیەکی بەرز و نەمر.

د- غەزەلی دەروازە، یان بە غەزەلکراو (تغزل)

یەکەم جۆری غەزەل، کە سەرەتا لای عەرەب دەرکەوتووە، ئەم جۆرە غەزەلە بووە، کە شاعیران سەرەتای قەسیدەیان بە بابەتی خۆشەویستی و جوانی و وەسفی سروشت دەڕازاندنەوە و دەست پێ دەکرد "بەم شێوەیە گوتوویانە غەزەل یان غەزەلی دەروازە (نغزل) شیعرێکە بەشێوە و واتای غەزەل کە لە سەرەتای قەسیدەدا دێت" (شمیسا، ١٣٨٠، ل٣٩).

دیاری لە شیعری جاهیلیدا لای عەرەب سەرەتای زۆربەی قەسیدەکان بابەتی غەزەل دەست پێ دەکرد و ئەمە ڕێ و ڕەچەی شیعر بووە لەو سەردەمەدا "قەسیدەی سەردەمی جاهیلی دیاردەی دەستپێکی بە غەزەل هەبووە، جا بابەتی قەسیدەکە هەرشتێك بووبێ، هەتا ئەگەر قەسیدەکەش لەگەڵ بابەتی غەزەل یەك نەبووبێ لە باسی خۆشەویستی و وەسفی گردۆڵکە و بیابان.. " (فیصل، ١٩٥٩، ل٨).

ئەمە لە کۆندا جۆرێکی باوی غەزەل بووە، تا دواتر غەزەل بووە بە بابەتێکی سەرەکی شیعر و سەربەخۆیی خۆی پاراستووە و بووە بە یەکێك لە بابەتە هەرە گرنگەکانی شیعر.

**- بنەڕەتە هونەرییەکانی غەزەل**

١- غەزەل لە ڕووی قاڵبەوە : غەزەل پارچە شیعرێکە لە نێوان (٣- ١٥) دێر شیعردا دەبێت (غەزەل واتای پارچە

شیعرێکە کە کورتە و لەسەر یەك کێش هۆنراوەتەوە و یەك جۆر سەرواى هەیە، ژمارەی بەیتەکانی (٣) سێ دێڕ یان (١٢)دێر، هەندێ وای دەبینن ژمارەی دێڕەکانی لە نێوان (٧- ١٥) دێرە یان (١٨)دێرە، گەر لەوە زیاتر بوو بە قەسیدە هەژمار دەکرێ. (شاکە، ٢٠١٠، ل٤٨). کەواتە دەکرێ بڵێین غەزەل لە (٣) دێڕەوە دەست پێ دەکات تاکو (١٥)دێڕ، هەندێ جاریش دەکرێ بگاتە (١٨)دێڕ، لەم ڕێژەیە زیاتر بە قەسیدە دێتە ژمار.

٢- یەکێکی تر لە خەسڵەتەکانی غەزەل ئەوەیە لەسەر یەك کێشی عەروزی هۆنرابێتەوە لەسەر یەك کێش بڕوات، غەزەل لەڕووی زاراوەی ئەدەبیەوە ناوی دێرێکی شیعرە، کە خۆی لە چەند بەیتێکدا دەبینێتەوە، بەزۆری لەسنووری (٧) بەیتدا دەبێ، کە یەك کێشن، میسرەعی دووەم لە هەموو بەیتەکاندا یەك قافیەیان هەیە. (شمیسا، ١٣٨٠، ل١٢).

کەواتە خاڵێکی تر بوونی یەك کێشە لە پارچە غەزەلێکدا. «هەڵبەستی کۆن دوای هەموو بەیتەکانی بەدرێژایی کشانی قەسیدە یان غەزەل لەسەر یەك قافیە دەڕوا» (ڕەسوڵ، ١٩٩٠، ل٣٤).

٣- پارچەیەك لە غەزەل لەسەر یەك سەروا دەڕوا و یەك سەروای هەیە، « نیوە بەیتی دووەم، کە دەکاتە کۆتایی بەیت هەمیشە یەك سەروای هەیە، ئەمەش لە بەڵگەکانی دوو خاڵی یەکەمدا ڕوونە و ئاماژە بە سەرواش کراوە.

٤- لە ڕووی زمانەوە غەزەل بە زمانێکی ناسك و پڕ لە خۆشەویستی وشەی عاشقانە نووسراوە و پڕیەتی لە وەسفی یار بە وشەی ناسك و جوان «غەزەل پەیکەری شیعرێکی ناسك و پاراوە، پڕیەتی لە وشە و مانای ڕازاوە و بریقەدار» (احمد، ب.م، ل٣٢). بێگومان زمانی هەر دەقێك گوزارشتی لە جۆری ئەو دەقە ناوەڕۆکەکەی دەکاتە «دەقە ئەدەبییەکان لەڕێی زمانەوە خۆیان نمایش دەکەن» (سلێوە، ٢٠١٩، ل١٦٣).

بەڵام خۆنمایشکردنی غەزەل بە زمانێکی نەرم و ناسك پڕ لە سۆز و غەزەل لە ڕووی زمانەوە خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی.

٥- لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بابەتی غەزەل بابەتی خۆشەویستی و پیاهەڵدان بە ئافرەت و توێژی عاشقانە و سۆزدارانەیە، جا عیشقەکە ئاسمانی بێت یان زەمینی «ناوەڕۆکیش بریتییە لە ئەڤین بەرامبەر بە کچ، جا خەیاڵی بێت یان ڕاستی» (أحمد، ب.ج، ل٣٢) هەر سەبارەت بە ناوەڕۆکی غەزەل گوتراوە «ناوەڕۆکی غەزەل زۆربەی کات یادی جوانی یار و بێوەفایی و دڵڕەقی و چیرۆکی دابڕان و ئازار چەشتنی عاشقە...» (شمیسا، ١٣٨٠، ل١٢).

بێگومان ئەمانە دیارترین ناوەڕۆکی شیعری غەزەلن، خۆشەویستیی یار و دابڕان و بێوەفایی و دڵڕەقی یار، جا ئەو یارە ئاسمانی بێ یان زەمینی. بێگومان ئەو هەست و سۆزانەش بۆ کەسێك دەردەبڕێت کە (یار) خۆشویستراو (معشوق) دەبێتە پاڵەوانی غەزەل، کە «لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بخەمەوە یاد، کە بابەتی غەزەل دەربڕینی هەست و سۆزی پەیوەندیدارە بە پاڵەوانی ڕاستەقینەی غەزەل، کە یار (معشوق)» (شمیسا، ١٣٨٦، ل٢٩٢). کەواتە بابەتی سەرەکی غەزەل وەسفی یار و هەست و سۆز دەربڕین بۆی و گلەیی و سکاڵا لە دڵڕەقی و بێوەفایی و دەردەدڵی عاشقە بەرامبەر یارەکەی.

٦- تەخەڵوسی شیعری: ناوهێنانی شاعیرە، یا شاعیر ناوی خۆی لە دێری کۆتایی، یان پێش کۆتایی پارچە شیعردا تۆمارد ەکات و بەم دیاردەیەش دەگوترێ تەخەڵوس. نازناو (تەخەڵوس) یەکێکە لە کردەوەکانی شاعیری کورد، بریتییە لەوەی بەزۆری لە دێری دوایی، یا پێش ئەو لە هەر غەزەل و قەسیدەیەکدا نازناوی خۆی تۆماردکرد (خەزنەدار، ٢٠٠١، ل١٧٠)، ئەم دیاردەیەش تەنیا لای کورد نەبووە، بەڵکو لای شاعیرانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و شاعیرانی (عەرەب، فارس، تورك)یش بەهەمان شێوە بووە و بگرە کورد لەوانیتری وەرگرتووە، چونکە سەرچاوەی شیعری غەزەل عەرەب بووەو پاشان فارس و کورد و تورك.

کەواتە غەزەل لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بابەتی عیشق و خۆشەویستییە، کە خۆی لە بابەتی (وەسفی یار، هەستی خۆشەویستی شاعیر بۆی، دووری و دابڕان و بێوەفایی یار) ە، جا یار (خۆشویستراو ئاسمانی بێ یا زەمینی، حەقیقی بێ یا مەجازی، لە ڕووی ڕووخسارەوە خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەتە لە بابەت (کێش و سەروا و زمان و ژمارەی

بەیتەکان..هتد) کە لای شاعیرانی عەرەب و فارس و تورك کورد باو بووە و بەدرێژایی چەندین سەدە لاسایی کراوەتەوە.

٧- وێنەی شیعری: وێنەی شیعری سەرەکیترین کەرەستەی شیعرە، هەڵگری واتا و مەبەستی شاعیرە «لەڕاستیدا وێنە خۆی مەبەست نییە، بەڵکو هۆکارە بۆ گەیاندنی واتا و گوزارشتکردن لە هەست و ڕاستییەکان..» (شایب، ١٩٩٤، ل٣١) گوزارشتکردن لە هەست و شعور وێنەی زیندوو پەیوەستداری دەوێ، چونکە کاری ئەدەبی خۆی لەخۆیدا گوزارشتە لە هەست و نەستی مرۆڤ بە شێوەیەکی جوان «بەرهەمی ئەدەبی لە خۆیدا بریتییە لە گوزارشتکردن لە هەست و شعور بە وێنەیەکی زیندوو» (قطب، ٢٠٠٣، ل٢٥) ئەوەش ڕوونە، کە شیعرییەت بەرهەمی وێنەی پڕ خەیاڵ و بەهێزە بەتایبەت لە شیعری کلاسیکدا (بنیاتی وێنەی شیعری کە ئەندێشە و داهێنان ڕۆڵی کاریگەری تێدا دەگێڕن، دەبن بە ڕەگەزێکی بەپیتی شیعرییەت) (دەشتی، ٢٠١٢، ل٢٠٨)، وێنە لە شیعری کلاسیکدا لەسەر بنەمای (دژیەك، لێکچواندن، خواستن...) دروست دەکرێت.

## سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان :


- احمد، ئاری صوبحی، غەزەل وقەسیدەکانی حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ب_م.
- بۆرەکەیی، صدیق، مێژووی وێژەی کوردی، چاپی یەکەم، ١٣٧٠هـ.
- دەشتی، د.عوسمان، لەبارەی بنیاتی زمان وشێوازی شیعر، هەولێر، ٢٠١٢ز.
- دەشتی، د.عوسمان، ئەزمونی شیعری موکریان وشوێنی لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا، هەولێر، ٢٠١٣ز.
- دەشتی، د.عوسمان، سالمی ساحێب قران_باس ولێکۆڵینەوە، هەولێر، ٢٠٢١ز.
- حیجازی، محمد، شوناسی ئۆلی وفەلسەفی نەتەوەی کورد، چاپخانەی کمال، ٢٠١٢ز.
- سڵێوە، د.هاوژین، ڕەخنەی پراکتیکی، چاپی دووەم، چوارچرا، ٢٠١٩ز.
- سەجادی، علاالدین، مێژووی ئەدەبی کوردی، سنندج، کردستان، ١٣٨٠هـ.
- ڕسوڵ، د.عزالدین مستەفا، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، ١٩٩٠ز.
- تراویک، بوکنەر، ئەدەبیاتی جیهان، و.حەمەکەریم عارف، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨ز.
- خەزنەدار، د.مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١ز.


سەرچاوە عەرەبیەکان:


- أنیس، إبراهیم، معجم الوسیط، ٢٠٠٤م.
- أبورحاب، حسان، الغزل عندالعرب، طبعةالاولی، قاهرة، ١٩٤٧م.
- إبن منظور، لسان العرب، ب.ت.
- الجبوری، د. یحی، الشعرالجاهلی خصائصەوفنونە، دارالمجدلاوی، عمان، طبعةالاولی، ٢٠١٣م.
- العسكر، د.عبدالمحسن بن عبدالعزیز، شعرالغزل ونظرة سواء، دارالمنهاج، ریاض، ب.ت.
- المجموعةمن المؤلفین، ت.صیاح الجهیم، تاریخ الآداب الاوروبیة، دیمشق، ٢٠١٣م.
- المختصین، علی مولا ونخبةمن الاساذة، تأریخ الادب الغربی، دارالمهندسین، دیمشق، ١٩٨٤م.
- باورا، س.م، الادب الیونانی القدیم، دارالسعد، مصر، ب.ت.
- هالمان، طلعت سعید، ألفیة من الادب الترکی، أنقره، ٢٠١٤م.
- کوبرلی، محمد فوئاد، ت.عبدالحمیدإبراهیم، المتصوفەالاولون فی الادب الترکی، طبعةالاولی، قاهره، ٢٠٠٢م.
- مجدالدین، محمد بن یعقوب الفیروز آبادی، قاموس الموحیط، ٢٠١٣م.
- محمد، سراج الدین، الغزل فی شعرالعربی، بیروت، لبنان، ب.ت.
- مندور، محمد، فن الشعر، هنداوی، ٢٠١٧م.
- عبدالاله، کریم صبری، أنواع الشعر وأغراضە، ب.ت.
- عبدالواحد، سعیدة علی، بنیةالقصیدةالجاهلیة، ٢٠٠٧م.
- عبدالعال، بدیعة محمد، الادب الترکی العثمانی، طبعة الاولی، قاهره، ٢٠٠٧م.
- علوان، نور، مابین الشرق والغرب_کیف تأثرت الادب العثمانی بالثقافات الاجنبیة؟، ن.بوست، ٢٠١٨م.
- فیصل، شکری، الغزل فی عصرالجاهلی، مطبعةجامعةالدیمشق، ١٩٥٩م.
- قندیل، د.سعاد عبدالهادی، فنون الشعرالفارسی، طبعةالاولی، ١٩٧٥م.
- قطب، سید، نقدالادبی أصلە ومناهجە، طبعةالثامنة، دارالشروق، ٢٠٠٣م.
- شایب، أحمد، أصول النقدالادبی، النهضة المصریة، طبعة العاشرة، ١٩٩٤م.
- شاکە، د.بندرعلی أکبر، المؤثرالعربی الفارسی فی الشعر الغزل الکردی الکلاسیکی، حمدی، ٢٠١٠م.
- ضیف، د شوقی، تأریخ الادب العربی، دارالمعارف، طبعةالحادی عشر، ب.ت.


سەرچاوە فارسییەکان :


- سیماداد، فرهنگ اصطلاحات ادبی، تهران، چاپی سوم، ١٣٨٥هـ.
- شمیسا، د.سیروس، انواع ادبی، ١٣٨٦هـ.
- شمیسا، د.سیروس، سیرغزل درشعرفارسی، چاپی ششم، طهران، ١٣٨٠هـ.

## الملخص

بحـثنا يتنـاول الغـزل ويتضمـن الشـعر الحـب الـذى سـمى العشـق وإن الحـب وجـمال المـرأة والالم الفـراق و البعـد عـن الحبيبـة و عـدم وفاءهـا هـى مـن الموضوعـات الرئيسـية للشـعر العـربي الكلاسـيكي.

وكذلـک تنـاول البحـث عـن أن الغـزل كمضمـون ظهـر فـى أدب جميـع الشـعوب فـى القديـم والحديـث ولكـن القالـب الأدب (القديـم) الكلاسـيكي الموجـود فـى الادب الكـردي يعتـبر تقليـدا لـلأدب العـربي بوجـه خـاص و بعـد ذلـک شـعوب الجيـران مـن الفـرس و الـترک و نجـد أن أدب هـذه القوميـات تظهـر تأثيراتهـا مـع بعـض التغيـرات فـى الأدب الكـردى وقـد دون تحـت تأثيراتهـا. مـن جانـب اخـر تنـاول البحـث عـن أن شـعر اليـرک والشـعر الغنائـى ليسـا مـن الغـزل ذاتـه بـل إن الغـزل قسـم منهـما وإنهـما أوسـعا مـن الغـزل وإن ليريـک والشـعر الغنائـى يتضمنـان موضوعـات أخـرى بجانـب الغـزل.

وقـد خصـص قسـم الأخيـر مـن البحـث للأسـس الفنيـة للغـزل وقـد عـرض فيـه أن الغـزل لـه مجموعـة مـن الأسـس الفنيـة الخاصـة بـه مـن حيـث الشـكل والمضمـون حيـث أن مـن حيـث الشـكل، الغـزل لـه لغـة خاصـة و رقيقـة و كذلـک مـن حيـث النظـم ملتـزم بالـوزن والقافيـة فـى الشـعر القديـم (الكلاسـيكى) ويتضمـن الصـور والخيـال العـذب والرقيـق ولـه قالـب محـدد وملتـزم بالبلاغـة العربيـة، ومـن حيـث المضمـون تركـز بالدقـة فـى الفكـر و جـمال الخيـال و الصـور جميلـة البـارزة، بشـكل عـام عـرض الغـزل مـن ناحيـة المضمـون والغـرض ومـن ناحيـة الشـكل والبنيـة الفنيـة.



## Abstract

This research analyses *ghazal*, troubadours, which focuses on love and is well-known with love poem, and love, beauty of woman, separation and disloyalty of lover are mainly the subject of this type of poem. It is manifested that *ghazal* is being found in all literature in the world. But that form seen in Kurdish literature is imitating Arabic literature and those nation's neighbors ( Persian and Turkish) in some way, Kurdish literature has been influenced by them literature and been written. On the other hand, it is said that lyric and poem of song are not *ghazal*, but *ghazal* is a part of them and they are more wider than *ghazal* and they embrace other subjects along side it. in the final part, which is specialized for basis of *ghazal* technics that ghazal in term of form and content owns several basis of technics of its own. In the term of form ghazal possesses a particular language and is delicate in written and it follows rhythm in classic and always has a nice imagination and Arabic eloquence. In the term of content, *ghazal* contains accurate thoughts, beautiful sights, nice pictures and high samples. In general, ghazal in the term of form and content is being examined as well as Artistic structure.